دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە

- سێمینارێکی تەشکیلاتی بۆ لێپرسراوی گشتیی حیزب لە نۆرویژ بەڕێوە چوو ٢
- شەڕێکی قورس لە نێوان هێزی پێشمەرگەی کوردستان و دژیگەلییەکانی ڕێژیم هاتە ئاراوە ٢
- شاندێکی KNK سەردانی دەفتەری نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتیان لە هەولێر کرد ٣

www.kurdistanmedia.com

ژمارە ٧٣٦، دووشەممە ٣٠ی ڕەزبەری ١٣٩٧ی هەتاوی، ٢٢ی ئۆکتۆبری ٢٠١٨



جوڵانەوەی ڕزگاریخواز کولتووری دێموکراتیک دەخوازێ ٤



هەرزانی بیانووی گرانیی بەنزین! ٦



ئورمیەی ستەملێکراو بە هیوای کوردستانی ئازاد ٨



وتووێژی کوردستان لەگەڵ لوقمان مێهفەر ١٠

# مانگرتنەکان نیشانەی ڕاسانی شارن



ڕێکەوتی ٢٢ و ٢٣ی ڕەزبەر لە چەندین شاری کوردستانی ئێراندا بەهۆی خراپی باری بژێوی ژیان و دۆخی نالەباری خوێندن، مامۆستایان مانیان گرت و لە چوونە سەر کلاسەکانی دەرس خۆیان بوارد.

بەپێی دوایین هەواڵ و زانیارییەکان لە شارەکانی مەریوان، دیواندەرە، جوانڕۆ، سایینقەڵا، سەولاوا، سەرپێڵی زەهاو، ڕوانسەر، ورمێ، سنە، سەقز، شائاباد، کرماشان، ئیلام و چەندین شار و شارۆچکە و گوندی کوردستان مانگرتنی گشتی مامۆستایان بەڕێوە چوو.

ئەم مانگرتنە کە پاش بڵاوبوونەوەی ڕاگەیەندراوی شۆرای هاوکاری دامەزراوە فەرهەنگییەکانی ئێران دەستی پێکرد، لەبەرامبەر گرانی، هەڵاوسان، کەمبوونەوەی توانای کڕین لای مامۆستایان و بە خسووسی کردنی ئیدارەی پەروەردە و بارهێنان، بەردەوامی گرتن و دەسبەسەری چالاکانی سینفی مامۆستایان و دابەزاندنی ئاستی کەیفی فێرکاری لە قوتابخانەکان هاتە ئاراوە.

ئەم مانگرتنە لە کاتێکدا بەڕێوە دەچن کە هێشتا یەک مانگ لە سەرەتای ساڵی نوێی خوێندن تێنەپەڕیوە؛ هەروەها ئەم مانگرتنە سەرانسەرییە کە وەک پێشبینی بۆ دەکرا کوردستان لەویشدا هەر پێشەنگ بوو، لە دنیای مەجازیشدا دەنگدانەوەی بەرچاوی هەبووە و هەر لە یەکەم ساتەکانی دەسپێکییەوە وێنە و فیلمەکانی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بەشێوەیەکی بەرین بڵاو کراوەتەوە.

داواکاری سەرەکی مامۆستایانی مانگرتوو لە شارەکانی کوردستان وەک لە وێنە بڵاوبووەکاندا دەبیندرێ بەم چەشنەیە: خوێندنی بێ جیاوازی بەپێی ئەسڵی ٣٠ی یاسای بنەڕەتی، نەهێشتنی دووچاوگی و هەڵاواردن لە پێکهاتەی سیستمی ئاموزشی، نەهێشتنی خسووسی‌سازی لە قوتابخانەکان، دابینکردنی ئەمنیەت و ستانداردکردنی قوتابخانەکان، دیاریکردنی بوودجەی وەک یەک بۆ بردنەسەری سەرانەی قوتابی لە ڕاستای دابینکردنی فێرکاری بەشێوەی سەردەم و بەبێ دانی پارە بەتایبەت بۆ قوتابییانی ناوچە بێبەشکراوەکان، خوێندن بە زمانی زگماکی، نەهێشتنی قوتابخانەی ناستاندارد و کەپری.

بەپێی دوایین ڕاپۆرتە مەیدانییەکان لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا گرانی و بێکاری ژیانی بنەماڵەکانی لە ئێران و کوردستان بردووەتە دۆخێکی مەترسیدارەوە و هەر ئەم بارودۆخەش کاریگەری نیگەتیڤی لە سەر دەروون و جەستەی قوتابی و خوێندکاران داناوە؛ دابینکردنی کەرەستەکانی خوێندن بۆ منداڵان و لاوان و پارەی ناونووس کردنیان لە مەدرەسە بە ناو دەوڵەتییەکاندا گوشاری ماددی بۆ زۆربەی بنەماڵەکان هێناوە، بە جۆرێک کە بەشێکی بەرچاوی بنەماڵەکان ناچار بوون دەست لە خوێندن بە منداڵەکانیان هەڵبگرن کە بەداخەوە لەمبارەوە کچان پشکی سەرەوەتریان بەرکەوتووە .

پێویست بە وتنە جیاواز لە دابینکردنی جلوبەرگ و کەرەستەی خوێندن بۆ خوێندکاران لە لایەن بنەماڵەکانیانەوە، زۆربەی پارەی دروست کردن و تەعمیرکردنی بینای مەدرەسەکان لە لایەن خەڵکەوە دەدرێت؛ داوا کردنی پەیتا پەیتای پوڵ لە لایەن بەرپرسانی مەدرەسەکانەوە، دابڕانی منداڵان لە خوێندن و دەیان ناهەنجاری و بێ‌نۆرمی کۆمەڵایەتی لێکەوتووەتەوە کە منداڵانی کار تەنیا یەکێک لەو دیاردانەیە .

دوابەدوای ئەم مانگرتنە سەرکەوتووە کە شرۆڤەکارانی سیاسی وەک هێمای ڕاستەقینەی ڕاسانی "شار" ناوی لێدەبەن کە دەتوانێ کاریگەری ڕاستەوخۆ لەسەر باقی چین و توێژ و سینفەکانی کوردستان و ئێران دابنێت، ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران، ڕاگەیەندراوێکی بڵاو کردەوە و تێیدا وێڕای پشتیوانی لە داخوازی و حەرەکەتە سیمبۆلیک و پڕ لە واتاکەی مامۆستایان، داوایان لە خەڵکی تێکۆشەر و خەباتگێڕی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرد، بە هەر شێوەیەک بۆیان دەکرێ پشتیوانی لە داوا ڕەواکانی مامۆستایانی کوردستان بکەن.

لە بەشێک لەم ڕاگەیەندراوەدا کە ڕێکەوتی ٢٣ی ڕەزبەر بڵاو کرایەوە هاتووە: مامۆستایان ئەو توێژە کاریگەرەی کۆمەڵگان کە زۆرترین خزمەت بە ڕۆڵەکانی گەل دەکەن. ئەوان شیاوی ژیانێکی زۆر باشن و لە سەرجەم کۆمەڵگا پێشکەوتووەکاندا مامۆستایان وەک نموونە و پێشڕەوی کۆمەڵگا سەیر دەکرێن، نەک هەر مافیان پێشێل ناکرێ، بەڵکوو دەرفەتی باشترین ژیانیان بۆ دابین دەکرێ، بەڵام لە ئێرانی ژێردەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی نەک پلەی مامۆستا ڕێزی لێ ناگیرێت، بەڵکوو مافە سەرەتاییەکانیشی کە دابینکردنی ژیانێکی سەردەمیانەیە لە لایەن دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامییەوە بە هەند ناگیرێ و لە ژیانێکی کوڵەمەرگیدا ڕایان دەگرن.

دوابەدوای ئەم مانگرتنە سەرکەوتووە وەک پێشبینی بۆ دەکرا کۆماری ئیسلامی لە ڕێگەی ناوەندە ئەمنیەتی و داپڵۆسێنەر و سەرکوتکارانەکانی گوشارەکانیان بۆسەر مامۆستایان زیاتر کرد؛ لە تازەترین نموونەشدا ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٨ی ڕەزبەر ژمارەیەک لە مامۆستایانی قوتابخانەکانی شاری سەقز کە لە مانگرتنی ٢٢ و ٢٣ی ڕەزبەردا بەشدار بوون بانگهێشت و تەنانەت دەسبەسەر کراون کە بەپێی هەندێک هەواڵ مەترسی سەپاندنی سزاشیان لەسەرە.

ئەم ڕەوشە پاش ئەوە هاتووەتە ئاراوە کە کۆماری ئیسلامی چ لە ڕووی سیاسی و چ لەباری ئابووریی و ڕەواییەوە لە کۆمەڵگادا پێگەیەکی نەماوە و تەنانەت بەشێک لە هاوپیاڵە و گوێ‌لەمستەکانی خۆیشی لێی هەڵگەڕاونەتەوە یان بە گومانەوە سەیری داهاتووە نادیارەکەی دەکەن.

گوشارە ئابوورییەکان لە ئێران بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی کە لە دیاردەگەلی وەک هەڵاوسان و گرانی و هەژاری خۆیان بەرجەستە کردووەتەوە دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە ڕێژیم لەئاست کۆنترۆڵ و مودیریەتی دۆخەکەدا کەمی هێناوە و لە ئێستادا هەموو هەوڵەکەی بۆ ئەوەیە کە خۆی لەدەست چارەنووسێک بە ناوی "ڕووخان" دوور بخاتەوە.

---

## پەیڤ

### شەڕخوازین یان ئاشتیپارێز؟

**کەریم پەرویزی**

دەسەڵاتەکان و بەتایبەت دەسەڵاتە ئیدئۆلۆژیکەکان بۆ بەردەوامیی خۆیان و بۆ ئەوەی کە خەڵک لە چوارچێوەی گوتاری زاڵی ئەواندا بمێننەوە و هەر لەو چوارچێوەیەدا بیر بکەنەوە، زۆربەی کات و بە درێژایی تەمەنیان هەوڵی دروستکردنی «دوانەی دژبەیەک» دەدەن کە خەڵک ناچار بکرێن لە نێوان ئەو دوو ڕێگا بە ڕواڵەت دژبەیەکەدا یەکێکیان هەڵبژێرن و هەموو کاتیش جۆرێک ئەو دژبەیەکییە دەنوێنن و ڕوومەتی بۆ ساز دەکەن کە خەڵک ئەوەیان کە بە دڵی دەسەڵاتی زاڵە هەڵبژێرن.

لەو بوارەدا دەسەڵاتی ئیدئۆلۆژیک و سەرەڕۆی کۆماری ویلایەتی فەقیهیش بە ئەزموون وەرگرتن لە دەسەڵاتی ستالینیستی، هەوڵی زۆری بۆ لەبەرامبەر یەکدا قەراردانی دوو چەمک و دژایەتیی ڕواڵەتی سازکردن لە نێوانیاندا و ناچارکردنی خەڵک بۆ هەڵبژاردنی ڕێگای دڵخوازی ڕێژیمی داوە. بۆ وێنە لە دەسەڵاتی ستالینیشدا ئەو دووانەی دژ بەیەکە ساز کرابوو کە « شۆڕشی ئۆکتۆبر و دەسەڵاتی پرۆلتارییایی ستالینت پێ باشە یان خوێنمژیی ئیمپریالیزم؟!» کە لە نێوەڕۆکدا ئەو دوو چەمکە دژبەیەک نەبوون و شتێکی سازکراو بوو.

کۆماری ئیسلامیش هەر لە سەرەتاوە بە ڕێفراندۆمە چەواشەکارانەکەی، پرسیاری لە خەڵک کرد کە « کۆماری ئیسلامیت دەوێ یان گەڕانەوە بۆ پاشایەتی؟!» کە ئەم دوو چەمکە لە نێوەڕۆکدا نەک دژایەتییان نییە و هەر یەک شتن و تەنیا سیمای پاشا گۆڕا بۆ وەلیی فەقیە.

ئەم جۆرە لە گوتارسازی زۆر جار لە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی درێژەی کێشاوە و لە کاتی شەڕی ئێران و عێراقدا دژایەتیی شەڕ یەکسان کرابوو بە خەیانەت بە وڵات و بەشدارینەکردن لە کۆڕ و ڕێورەسمەکانی کۆماری ئیسلامی یەکسان بوو بە دژایەتی لەگەڵ ئیسلام. یان لە سێناریۆی بەناو ئیسڵاخوازیدا، «ڕیفۆرم یان کوشتار؟» کرابوو بە دووانەی دژ بەیەک کە هەر کەس لەگەڵ ڕیفۆرم نەبێ ئەوە خوازیاری خوێنڕشتنە! لە کاتێکدا هەر هەمان ڕیفورمخوازەکانی نێو کۆماری ئیسلامی تیۆریسیەن و بەشێک لە بەڕێوەبەرانی کوشتار لە ئێراندا بوون و بۆیان بکرێ دووبارەی دەکەنەوە.

لەم ماوەیەدا هەوڵی زۆریش دراوە کە دوو چەمک بەناوی «شەڕخوازی» و «ئاشتیپارێزی» بەرهەم بهێنرێ و ئەو

درێژە لە لاپەڕەی ٣

# لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات لەگەڵ ئەندامانی حیزب لە نۆروێژ کۆ بووەوە



لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات، دیدارێکی لەگەڵ ئەندامانی حیزب لە وڵاتی نورویژ پێک هێنا.

ڕۆژی پێنجشەممە ٤ی ئۆکتۆبری ٢٠١٨ی زایینی، مستەفا هیجری لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ چەندین کەس لە ئەندامان و دۆستانی حیزب پێک هێنا.

سەرەتا لە لایەن هاوڕێیان، خۆشکە شەهلا یارحوسێنی و کاک هیوا ئەحمەدی بەخێرهێنانی بەڕێز کاک مستەفا و ئامادەبووان کرا.

دواتر لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات باسی لە دوایین گۆڕانکارییەکانی حیزب دوای کۆنگری ١٦ کرد.

دوای باسەکەی لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات، بەشداران ڕا و بۆچوونی خۆیان لەسەر بڕیارەکانی کۆنگرە باس کرد.

هەر لە هەمان شوێن، دواتر بەڕێزیان کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ ئەندامانی کۆمیتەی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە نۆروێژ پێک هێنا، کە کۆمەڵێک باس و بابەتی ڕێکخستن و حیزبی ئاڵوگۆڕ کرا.

# سێمینارێکی تەشکیلاتی بۆ لێپرسراوی گشتیی حیزب لە نۆروێژ بەڕێوە چوو



کۆمیتەی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە نۆروێژ سێمینارێکی تەشکیلاتی، بە بەشداریی لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات بۆ ئەندامانی حیزب لەو وڵاتە بەڕێوە برد.

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٦ی ئۆکتۆبری ٢٠١٨ زایینی، کۆمیتەی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە نۆڕویژ، سێمینارێکی تەشکیلاتی بە بەشداریی مستەفا هیجری لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات بۆ ئەندامانی حیزب لەو وڵاتە بەڕێوە برد.

سێمینارەکە بە سروودی نەتەوایەتی ئەی ڕەقیب و خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدان دەستی پێ کرد.

پاشان مستەفای هیجری لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات، باسێکی گشتی سەبارەت بە دۆخی نالەباری ئێران لە ئاستی ناوچەیی و نێودەوڵەتیدا و هەروەها بەپێچەوانەوە گەشەی زیاتری خەباتی ئازادیخوازانەی هێزە سیاسییەکان و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان وەک هاوخەباتیی خەڵک و پێشمەرگە بە ناوی خەباتی شاخ و شار، پێشکەشی بەشدارانی ئەو سێمینارە کرد.

لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات، ئاماژەی بە ڕۆڵی ئەرێنیی ڕاسان و پێویستیی بوونی پێشمەرگە لە نێو خەڵکی خۆیدا کرد و هاوخەباتی و هاوکاریی خەڵکی کوردستان لەگەڵ پێشمەرگە لە شکڵی خەباتی شاری بەرز نرخاند.

هیجری لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا قورسایی خستە سەر باسی سیستم و پێکهاتەی تازەی حیزب پەسندکراو لە کۆنگرەی شازدە کرد و بە سیستمێکی وڵامدەر بۆ قۆناغی ئەمڕۆی خەباتی نەتەوەییی حیزبەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەسف کرد و گەشبین و واقیعبینانە لە ئێستا و داهاتووی ئەو شێوە خەبات و تێکۆشانەدا بۆ بەشداران دوا.

لە کۆتاییدا لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات، وڵامی پرسیاری ئامادەبووانی دایەوە، کە چالاکانە پێشنیار و بۆچوونی خۆیان لەو سێمینارەدا خستە ڕوو.

# دەزگای ڕێکخستنی گشتیی حیزبی دێموکرات: پشتیوانی خۆمان بۆ بەرەنگاریی مەدەنیانەی خەڵکی کوردستان و بازاڕیان دووپات دەکەینەوە

لەهەمبەر مانگرتنی ئەمڕۆی شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە چەند شارێک بەهۆی بوونی هەڵاوسانی لەڕادەبەدەر و گرانی و خراپی باری گوزەران مانیان گرت و دوکان و بازاڕەکانیان داخست، دەزگای ڕێکخستنی گشتیی حیزب بەیاننامەیەکی بڵاو کردەوە.

دەقی بەیاننامەکە بەم چەشنەیە:

بەیاننامە سەبارەت بە مانگرتن لە چەند شارێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

خەڵکی خۆڕاگری کوردستان

هەر وەک ئاگادارن، ئەمڕۆ دووشەممە، ١٦ی ڕەزبەر بازاڕیانی چەند شارێکی کوردستان دەستیان دایە مانگرتن و دوکان و بازاڕیان داخست.

مانگرتنی ئەمڕۆی چەند شارێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە هاوکات لە شار و ناوچەکانی دیکەی ئێرانیش بەڕێوەچوو، ڕەنگدانەوەی نارەزایەتی خەڵکی وەزاڵەهاتووی کوردستانە بەرامبەر بە دۆخی قەیراناویی ئابووری کە سەرتاپای وڵاتی گرتووەتەوە. لە لایەکی دیکەشەوە وەک هاوخەباتی و پشتیوانی کردنی ناوچەکانی دیکەی ئێران هەژمار دەکرێت.

وەک سیاسەتی هەمیشەیی و پرەنسیپی نەگۆڕی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پشتیوانی لەم مانگرتنانە و شێوەکانی دیکەی بەرەنگاریی مەدەنیانەی سەرجەم چین و توێژەکانی ئێران و کوردستان دەکەین.

هاوچەرەنووسیی گەلانی بندەستی ئێران و ڕووخاندنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، پێویستیی بە هاوخەباتی و یەکریزی زیاتر و ئەمەش بە خاڵی جەوهەریی خەباتی یەکلاکەرەوە لە دژی ڕێژیم دەزانین و لە داهاتووشدا پێداگری لە سەر دەکەینەوە.

لێرەدا جارێکی دیکە پشتیوانی خۆمان بۆ بەرەنگاریی مەدەنیانەی خەڵکی کوردستان و بازاڕیان دووپات دەکەینەوە و هاوکات جەخت لە سەر خەباتی جەماوەریی شارەکان دەکەینەوە.

**سەرکەوێ خەباتی جەماوەریی**
**سەرکەوێ خەباتی شارەکان**
**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**دەزگای ڕێکخستنی گشتی**
**١٦ی ڕەزبەری ١٣٩٧ی هەتاوی**
**٨ی ئۆکتۆبری ٢٠١٨ی زایینی**

# حیزبی دێموکرات و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ جەختیان لەسەر پێوەندییەکانیان کردەوە



لە دانیشتنی هاوبەشی نێوان حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێراندا جەخت لەسەر هەوڵدان بۆ چالاکتر کردنی ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران کرایەوە.

ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ٢٣ی ڕەزبەری ١٣٩٧ی هەتاوی هەیئەتێکی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران بە سەرپەرەستی بەڕێز ساڵح شەریفی ئەندامی دەفتەری سیاسی، سەردانی دەستەی کارگێڕی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان کرد و لە لایەن هەیئەتێکی حیزبەوە بە سەرپەرەستی بەڕێز حەسەن شەرەفی جێگری یەکەمی لێپرسراوی گشتیی حیزب پێشوازییان لێکرا.

لە دانیشتنێکی دۆستانەدا بەڕێز ساڵح شەریفی وێڕای سپاس لەو پێشوازییە دۆستانەیە و ڕێکخستنی بەرنامەی ئەو دیدارە، ئاماژەی بەوە دا کە ئامانج لە سەردانەکەیان، ئاڵوگۆڕی نەزەر لەسەر پرسە سیاسییەکانی پێوەندیدار بە ڕەوشی سیاسی ئێران، ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پێوەندییە سیاسییەکان لەگەڵ لایەنە سەرتاسەرییەکان و هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هاوکارییەکانی حیزبی دێموکرات و کۆمەڵەیە.

پاشان بەڕێز حەسەن شەرەفی لەسەر ئەو بابەتانە و کۆمەڵێک پرسی دیکە کە لەم هەلومەرجە هەستیارەدا پێویستە حیزب و لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان گرینگی پێ بدەن نەزەری حیزبی دێموکراتی خستە بەر چاوی هاوڕێیانی کۆمەڵە.

پاشان بەشدارانی کۆبوونەوەکە سرنج و تێبینییەکانیانی خۆیان باس کرد و دوای شرۆڤەکردنی ئەو باسانە هەر دوولایەن لەسەر بەردەوامی هاوکارییەکانیان لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا بە هاوکاری و هاوخەباتی لەگەڵ حیزب و لایەنەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و حیزبە سەرتاسەرییەکان کە داکۆکی لە مافە نەتەوەییەکان گەلی کورد دەکەن، جەختیان کردەوە .

هەروەها پێداگری لەسەر هەوڵدان بۆ چالاکتر کردنی ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران کرایەوە و لەو پێوەندییەدا مانگرتنی بەرینی ڕۆژی ٢١ی خەرمانانی ئەمساڵی خۆرهەڵاتی کوردستانیان بە سەرکەوتنێکی گەورەی بزووتنەوەی نەتەوەیی و دێموکراتیکی گەلی کورد زانی؛ هەروەها باسیان لە گرینگی و بە هاناوە هاتنی کۆمەڵانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرد.

لە کۆتاییدا هەر دوو لایەن لەسەر هاوکاری و هەوڵەکانیان و هەروەها کاری هاوبەش لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی ئێران و کوردستان جەختیان کردەوە.

# شاندێکی HDP سەردانی دەفتەری نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کرد



شاندێکی پارتی دێموکراتی گەلان (**HDP**)سەردانی دەفتەری نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان لە شاری هەولێر کرد و کردەوەی تێرۆریستیی ڕێژیمی ئێرانیان مەحکووم کرد.

ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ١٧ی ڕەزبەری ١٣٩٧ی هەتاوی، شاندێکی هادەپ (**HDP**) پێکهاتوو لە خاتوو "موزەییەن گونەش" و کاک "عابد ئیکە" سەردانی دەفتەری نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری هەولێریان کرد و لە لایەن هەیئەتێکی نوێنەرایەتی حیزب بە سەرپەرستیی "محەممەد ساڵح قادری" نوێنەری حیزبی دێموکرات لە هەولێر پێشوازییان لێکرا.

لەو دیدارەدا شاندی هادەپ؛ وێڕای شەرمەزارکردنی کردەوە تێرۆریستییەکەی ڕێژیمی ئێران بە نیسبەت مووشەکبارانی بۆ سەر بنکەکانی حیزبی دێموکرات، هاوخەمی و سەرخۆشی خۆیان سەبارەت بە شەهیدکران و برینداربوونی پۆلێک لە تێکۆشەرانی دێموکرات دەربڕی.

شاندی دوو لایەن وێڕای تاوتوێکردنی بارودۆخی سیاسی ناوچە و پیلانی داگیرکەران دژ بە نەتەوەی کورد، پتەوکردنی پێوەندی و هەڵوێستی کردەیی نێوان هێزە کوردستانییەکان دژی ئەو قەڵاچووە سیستماتیکەی کە لە لایەن دوژمنانی کوردەوە بەرامبەر بە گەلەکەمان بەڕێوە دەچێت، بە زەرووری زانی.

لە کۆتایی دیدارەکەدا محەممەد ساڵح قادری سپاس و پێزانینی ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ هەڵوێستی ڕاشکاوانەی هادەپ بەرامبەر بە کردەوە تێرۆریستییەکەی کۆماری ئیسلامی و پەرۆشی و هاوسۆزیان لەگەڵ بزووتنەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی دەربڕی.

# شەڕێکی قورس لە نێوان هێزی پێشمەرگەی کوردستان و دژیگەلییەکانی ڕێژیم هاتە ئاراوە




فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە ڕاگەیەندراوێکدا ئاشکرای کرد شەڕێکی قورس لە نێوان هێزی پێشمەرگەی کوردستان و چڵکاوخۆرەکانی سەر بە سپای پاسداران هاتە ئاراوە کە بەهۆیەوە چەندین دژی گەلی کوژران و بریندار بوون.

دەقی ڕاگەیەندراوکە بەم چەشنەیە:

ڕاگەیەندراوی فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان

ڕێکەوتی ٢٠ی ڕەزبەری ١٣٩٧ی هەتاوی کاتژمێر ٨ی سەرلەبەیانی، لە سەیرانگای "بیمیری" شاری پاوە، کە پێشتر لە لایەن هێزێکی زۆری ڕێژیمەوە گەمارۆ درابوو، شەڕێکی قورس لە نێوان ئەو هێزە پۆشتە و پەرداختەی ڕێژیم پێکهاتوو لە کۆمەڵێک جاش و پاسدار لەگەڵ یەکەیەک لە پێشمەرگەکانی ڕێکخستنی شار، سەربە هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە شاری پاوە، هاتە ئاراوە.

ئەوەی ڕوون و ئاشکرایە، وێڕای ئەوەی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بە کەڵک وەرگرتن لە چەندین جۆر چەکی قورس شوێنی مانەوەی پێشمەرگەکانی کردبووە ئامانج، پێشمەرگەکان لە بەرانبەر ئەو هەموو هێزە و چەک و کەرەستانە، شەڕێکی قارەمانانە و بێ وێنەیان ئەنجام دا.

شەڕەکە تا کاتژمێر ١١ی پێشنیوەڕۆ درێژەی کێشا و سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن هێزی دوژمن زیانێکی زۆری بەرکەوتووە و بەپێی زانیارییەکان ٣ کەس لە هێزەکانی بەناو سپای پاسداران کوژراون و بە بەردەوامی لە کاتی شەڕەکە چەندین ئامبوڵانس لە ڕێگای نێوان نەخۆشخانەی پاوە و شوێنی شەڕەکە لە حاڵی هاتووچۆدا بوون.

لەو شەڕە قارەمانانەیەدا کە زیاتر لە ٣ کاتژمێری خایاندووە، دوو ڕۆڵەی قارەمان و فیداکاری نەتەوەکەمان کە لە یەکەیەکی ڕێکخستنی شاردا سازمان دران بە ناوەکانی "شەهید شاهۆ وەیسی"و "شەهید زانیار ئیسلامی" تێکەڵ بە کاروانی شەهیدانی سوورخەڵاتی کوردستان بوون و هەروەها هاووڵاتییەکی دڵسۆزی شاری پاوە بە ناوی "فەرشاد چەچانی" کە بە مەبەستی سەیران کردن لەو ناوچەیە بوو بە تەقەی هێزەکانی ڕێژیم کوژرا.

لە لایەن ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، پرسە و سەرەخۆشی خۆمان پێشکەش بە کەسوکار و بنەماڵەی بەڕێزی شەهیدان "شاهۆ و زانیار" و بنەماڵەی فەرشاد چەچانی دەکەین و خۆمان بە شەریکی خەم و پەژارەیان دەزانین.

**ڕۆحیان شاد و ڕێگایان پڕ ڕێبوار**
**فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان**
**٢٠ی ڕەزبەری ١٣٩٧ی هەتاوی**

# تێکۆشەرانی دێموکرات چالاکی تەبلیغییان بەڕێوە برد

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات لە شارەکانی بۆکان و مەریوان چالاکی تەبلیغییان بەڕێوە برد و جارێکی تر پەیمانیان لەگەڵ حیزب و خەباتی نوێی ڕۆژهەڵات نوێ کردەوە.

شەوی ٢٦ی ڕەزبەر تێکۆشەرانی دێموکرات لە شاری بۆکان و لە جاددەی "حەمامیان" و "ئەنبار" سەر بە ناوچەی "ئەحمەدی کۆر" بە نووسینی درووشم و کێشانەوەی ئاڵای کوردستان بەڵێنیان لەگەڵ حیزبەکەیان نوێ کردەوە.

هەروەها لایەنگران و دۆستانی بەئەمەگی حیزب لە گوندی "سلێن" لە ناوچەی هەورامان بە نووسینی درووشمی حیزبی لەسەر پردی گوند، پەیمانیان نوێ کردەوە.

لەلایەکی دیکەشەوە قارەمانانی دێموکرات لە شاری پیرانشار بە نووسینی دروشمی وەک " بژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بژی هێزی پێشمەرگە"و دروشمی دیکە پشتیوانیی خۆیان لە حیزبی دێموکرات دەربڕی.

هاوکات لە شاری بۆکان، قارەمانانی دێموکرات لە سەر گڵکۆی شاخەوانی ناوداری کورد "موقبیل هونەرپەژوو" ئاڵای کوردستانیان هەڵکرد.

هاوکات تێکۆشەرانی دێموکرات لە چالاکییەکدا لە ناوچەی فەرهادتاش، بەری فەیزوڵڵا بەگیی بۆکان، لە نێوان گوندەکانی یەکشەوە و دەروێشاڵی ئاڵای کوردستان و جامانەی خاکیپۆشانیان پێکەوە هەڵکرد.

# دەورەیەکی دیکەی پێشمەرگایەتی کۆتایی پێهات

ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ٢٧ی ڕەزبەری ١٣٩٧ی هەتاوی، پۆلێکی دیکە لە کیژان و کوڕانی دەروەستی کوردستان توانییان پاش تێپەڕاندنی سەرکەوتووانەی دەورەی سەرەتایی پێشمەرگە لە چیاکانی کوردستان جلی پیرۆزی پیشمەرگایەتی لەبەر بکەن.

بەپێی ئەم هەواڵە ڕێوڕەسمی ئامازەبۆکراو بە خوێندنەوەی سروودی نەتەوایەتی ئەی ڕەقیب لەلایەن بەشدارانی دەورە و دواتر ڕاگرتنی خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان دەستی پێکرد.

پاشان بەڕێز "ئومید مەندۆمی" بەرپرسی فێرگەی فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەم بۆنەوە چەند وتەیەکی پێشکەش کرد.

ناوبراو لە سەرەتای ئاخاوتنەکەیدا وێڕای یادکردنەوە لە دوو شەهیدی تازەی گەلەکەمان، مامۆستایان موختار قادرپوور و فاڕووق حەسەن خەیات کە بۆخۆیان مامۆستای فێرگەی حیزب بوون و لە ئەنجامی مووشەکبارانی ١٧ی خەرمانان شەهید کران، وتی: "تێرۆریستانی تاران پێیان وابوو بەو هێرشانە دەتوانن چالاکییەکانی فێرگە ڕابگرن بەڵام ئەوەتا دەبینن فێرگە هەر بە پێوەیە و ئاڵای ڕاهێنان و بارهێنانی پێشمەرگەکانی کوردستان هەر شەکاوەیە، دڵنیا بن هەتا کوردستان و دێموکرات بمێنن فێرگەش هەر دەمێنێ؛ فێرگەیەک کە شەهید سەروان چەکۆ بناخەکەی دانابێت بەمجۆرە هێرشانە ئەژنۆی شل نابێت".

لە بڕگەیەکی دیکەی ڕێوڕەسمەکەدا پەیامی ئاموزشی دەورە لەلایەن یەکێک لە مامۆستایانی فێرگە و پەیامی دەورەی سەرەتایی لەلایەن یەکێک لە بەشداربووانی دەورە خوێندرایەوە و دواتر خەڵات بەسەر بەشداربووانی سەرکەوتووی دەورە دابەشکرا

# شاندێکی KNK سەردانی دەفتەری نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتیان لە هەولێر کرد



شاندێکی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد (KNK) سەردانی دەفتەری نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان لە شاری هەولێر کرد.

ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ١٩ی ڕەزبەری ١٣٩٧ی هەتاوی، شاندێکی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد، بە سەرپەرەستیی "شوکروڵڵا حەمەدەمین" سەردانی دەفتەری نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتیان لە شاری هەولێر کرد و لە لایەن هەیئەتێکی دەفتەری نوێنەرایەتی و ڕێبەرایەتی حیزبەوە بە سەرپەرەستی "محەمەد ساڵح قادری" پێشوازییان لێکرا.

لەو دیدارەدا شاندی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد ، وێڕای سەرەخۆشی و هاوخەمی دەربڕین سەبارەت بە شەهیدان و بریندارانی کردەوە تێرۆریستییەکەی ڕێژیمی ئێران، هاوکات مووشەکباران و کردەوە جینایەت خولقێنەکانی ڕێژیمی ئێرانیان دەرهەق بە حیزبی دێموکرات و جووڵانەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، شەرمەزار کرد.

شاندی دوو لایەن بە لەبەرچاوگرتنی مەترسییەکانی بەردەم جووڵانەوەی کورد و پیلانی هاوبەشی نەیاران لەم قۆناغە هەستیارەدا، جەختیان لەسەر بەهێزکردنی تەبایی و یەکڕیزیی نێوان لایەنە سیاسییەکان و جەماوەری کوردستان کردەوە و ئامادەییان بۆ پێوەندیی بەردەوام و هەماهەنگی زیاتر لە بوارە جیاجیاکاندا بۆ بە کردەییکردنی ئەم مەبەستە دەربڕی.

# ئیسماعیل بێشکچی سەردانی دەفتەری نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کرد



"ئیسماعیل بێشکچی" کەسایەتی ناوداری و دۆستی لە مێژینەی نەتەوەی کورد سەردانی دەفتەری نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی لە هەولێر کرد.

ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ٢٢ی ڕەزبەری ٢٧١٨ی کوردی، ئیسماعیل بێشکچی کەسایەتی ناوداری تورک و دۆستی لە مێژینەی نەتەوەی کورد بە هاوڕێیەتی هەرکام لە "ئیبراهیم گوربوز" و "ئەحمەد کانی" لە بەڕێوەبەرانی ناوەندی لێکۆڵینەوەی بێشکچی لە ئامەد و هەولێر؛ سەردانی دەفتەری نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی لە هەولێر کرد.

لەو سەردانەدا، بێشکچی و هەیئەتی هاوڕێی لە لایەن هەیئەتێکی دەفتەری نوێنەرایەتییەوە بە سەرپەرەستیی "محەممەد ساڵح قادری" نوێنەری حیزبی دێموکرت لە شاری هەولێر پێشوازییان لێکرا.

لەو دیدارەدا بێشکچی و هەیئەتی یاوەری وێڕای دەربرینی سەرەخۆشی و هاوخەمی خۆیان سەبارەت بۆ ئەو لێکەوتە مرۆییەی کە بە هۆی پەلامارە مووشەکییەکەی ڕێژیمی ئێرانەوە بۆ سەر کەمپ و بارەگاکانی حیزبی دێموکرات هاتووەتە ئاراوە، ئاوڕێکی لە مێژووی پڕ کارەساتی نەتەوەی کورد لە قۆناغە جیاجیاکانی مێژوویدا دایەوە و بە وەبیر هێناوەی ئەو ڕووداوانە و ڕۆڵی نێگەتیڤی زلهێزان و پیلانی هەرکام لە وڵاتانی زاڵ بەسەر کوردستاندا، کە ڕێگر و بەربەست بوونە لە بە سەربەستی گەیشتنی گەلی کورد، وەبیری هێنایەوە کە تەنیا ڕێگای بەربەرەکانی و سەرکەوتنی گەلی کورد بەسەر ئەو هەموە تراژیدیایەدا، پێکهێنانی یەکڕیزی نیشتمانی و جدییەتی ئەوان بۆ بەهێزکردنی ئەقلییەتی نەتەوەسازی و بونیادنانەوەی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیانە.

پاشان قادری وێڕای بەخێرهێنانی بێشکچی و هاوڕێیان یاوەری، سڵاوی "مستەفا هیجری" لێپرسراوی گشتی و ڕێبەرایەتی حیزبی بە ناوبراو گەیاند و سوپاسی هاوسۆزی لەمێژینە و ڕۆڵ و خەباتی بێشکچی بۆ داکۆکی لە مافی کورد دەربڕی کە بەردەوام بە ڕێگای نووسین و بەڕێوەبردنی کۆڕ و کۆبوونەوەکانی توانیویەتی خزمەتێکی گەورە لە بە جیهان ناساندی دۆزی ڕەوا و ڕزگاریخوازیی کورددا ببینێت.

لە درێژەی دیدارەکەدا محەمەد ساڵح قادری باسی لە قەیرانەکانی سیستەمی دەسەڵاتداری ڕێژیمی ئێران لە ناوخۆی و دەرەوەدا کرد و پێشێلکارییە دژی مرۆییەکانی ئەو ڕێژیمەی دەرهەق بە گەلی کورد، بە ئامار بۆ بێشکچی روونکردەوە و دڵنیایی دایەوە کە سەرەڕای هەموو تاوان و پیلانی قەڵاچۆکردنمان لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە، بەڵام بەوپەڕی ئیرادەوە، بە هەموو ڕەهەندەکانی خەباتی ڕەواوە داکۆکی لە مافی سەروەری و چارەسەریی دادپەروەرانە و ئاشتیخوازی نەتەوەکەمان دەکەین .

ئیسماعیل بێشکچی لەدایکبووی ١٩٣٩/١/٧یە، لە ناوچەی ئیسکسلیپی سەر بە چۆرووم لە خێزانێکی تورک و بە دین حەنەفی لەدایکبووە. کەسایەتییەکی کۆمەڵناسی تورکە کە ماوەیەکی زۆر تەنها غەیرە کوردێک بوو کە هەموو ژیانی تەرخان کردوە بۆ پشتیوانی لە دۆزی کورد لە تورکیە و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست. هەر بۆیە نازناوی "ساری هۆجا" بە تورکی لێنراوە، بە مانای "مامۆستا قژ زەردەکە"دێت. بێشکچی ئەندامی فەخری دامەزراوەی PENە.

# ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران: بەرامبەر بە تاوانەکانی ڕێژیمی ئێران بێدەنگ مەبن

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بە نیسبەت ئەگەری لە سێدارەدانی "هیدایەت عەبدوڵڵاپوور" ڕاگەیەندراوێکی بڵاو کردەوە.

دەقی ڕاگەیەندراوەکە بەم چەشنەیە:

هاونیشتمانانی بەڕێز!

کۆمەڵانی خۆڕاگری خەڵکی کوردستان!

ڕێکخراوەکانی داکۆکیکاری مافی مرۆڤ!

لە درێژەی گرتن، ئەشکەنجە و ئێعدامی تێکۆشەرانی ئازادیخوازی کورد ، ڕۆژی ١٦ی ڕەزبەر، بە تۆمەتی هاوکاری لەگەڵ یەکێک لە هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنی کوردی، حوکمی لە سێدارەدرانی "هیدایەت عەبدوڵڵاپوور" ،زیندانیی سیاسیی کورد لە زیندانی ناوەندیی شاری ورمێ، لە لایەن لقی ٤٧ی دیوانی باڵای وڵاتەوە پەسەند کرا.

ئەوە لە کاتێکدایە کە دیوانی باڵای وڵات پێشتر حوکمی ئێعدامی "هیدایەت عەبدوڵڵاپوور"ی ڕەت کردبووە و بە پارێزەر و بنەماڵەکەی ڕاگەیاندبوو کە ناوبراو بێ تاوانە، بەڵام مخابن لەژێر گوشاری وەزارەتی ئیتلاعات و دەزگا ئەمنییەتییەکانی ڕێژیمەوە، بۆ جاری دووەم، بڕیاری لە سێدارەدرانی دەرکرا.

هیدایت عەبدوڵڵاپوور، لە ڕێکەوتی ٢٦ی جۆزەردان ساڵی ١٣٩٥ی هەتاوی، وێڕای شەش هاووڵاتی دیکەی شاری شنۆ و دەورووبەری دەستگیر کرا.

دوا بە دوای شەپۆلی کەم وێنەی نارەزایەتیەکان و بێزاریی خەڵکی وەزاڵەهاتوو لە ڕێژیم وهەروەها بەرینبوونەوەی خەباتی گەلی کورد دژ بە سیاسەتی هەڵاواردن و پێشێلکردنی مافەکانیان، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ڕەوتی زیندانی کردن و ئێعدامی چالاکان و ئازادیخوازانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی چڕتر کردووەتەوە. تێکۆشەران و زیندانیانی سیاسیی کورد وێڕای بێبەشبوون لە مافی بەرگریکردن لە خۆیان، لەژێر گوشار و ئەشکەنجەی دەزگا ئەمنییەتییەکانی ڕێژیمدا ناچار بە دانپێدانانی زۆرەملێ دەکرێن و تاوانی ئەمنییەتییان دەخرێتە پاڵ و حوکمی ئێعدامیان بەسەردا دەسەپێندرێت.

ئێمە وەک ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران، هاوکات ئەمڕۆ کە ١٠ی ئۆکتۆبر؛ وەک ڕۆژی جیهانی بەرەنگاربوونەوەی دژ بە حوکمی سێدارەیە، وێڕای مەحکوومکردنی بڕیاری نارەوای ئێعدامی زیندانیی سیاسیی کورد "هیدایەت عەبدوڵڵاپوور" و تێکۆشەرانی ئازادیخوازی کورد، داوا لە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دەکەین کە دژ بە سیاسەتی لە سێدارەدانی ڕۆڵەکانیان و سەرکوتی سیستماتیکی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بوەستنەوە و دەنگی نارەزایەتی خۆیان هەڵببڕن.

لە هەمانکاتدا داوا لە ڕێکخراوەکانی داکۆکی کاری مافی مرۆڤ و کۆڕ و کۆمەڵە مرۆدۆستەکان دەکەین کە بەرامبەر بە تاوانەکان و سیاسەتی دژە مرۆیی ئەم ڕێژیمە بێدەنگ نەبن و هەڵوێست بگرن. داواکاریشن بە هەر ڕێگایەکی مومکین کە بۆیان دەکرێت، فشار بخەنە سەر ڕێژیم بە مەبەستی کۆتایی هێنان بە ئێعدام و سەرکوتی ڕۆڵەکانی گەلی کورد.

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**١٧ی ڕەزبەری ١٣٩٧ی هەتاوی**
**١٠ی ئۆکتۆبری ٢٠١٨ی زایینی**

# سێمینارێک لەژێر ناوی «کوردستانی ئێران، دوای مانگرتنی ٢١ی خەرمانان» بەڕێوە چوو



ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران، سێمینارێکی لەژێر ناوی "کوردستانی ئێران، دوای مانگرتنی ٢١ی خەرمانان"ی بەڕێوە برد.

ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ١٨ی ڕەزبەر کاتژمێر ٢ی پاشنیوەڕۆ، لە دەفتەری نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری سلێمانی، ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران، سێمینارێکی سەبارەت بە ئەزموونەکانی کاری هاوبەشی هێزە سیاسییەکان و بەتایبەت، بانگەوازی هاوبەش بۆ مانگرتنی ٢١ی خەرمانان بە بەشدارایی نوێنەرانی حیزبە سیاسییەکانی ئەندام لە ناوەندی هاوکاری و میوانان بەڕێوە چوو.

سەرەتای سێمینارەکە بە ڕاگرتنی خولەکێک بێدەنگی بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان دەستی پێ کرد و پاشان بەڕێوەبەری سێمینارەکە "فواد خاکیبەیگی" بەرنامەی کاریی سێمینارەکەی ڕاگەیاند.

پانێلی یەکەمی سێمینارەکە بە نوێنەرایەتی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، لە لایەن "کاکۆ عەلیار" لەژێر ناونیشانی "ئەرکی هێزە سیاسییەکان بەرانبەر کۆمەڵگای مەدەنیی ڕۆژهەڵات" پێشکەش کرد و تێدا قۆناغەکانی خەباتی مەدەنی لە ئاستی جیهانی و دواتر پەرەگرتنی لە ئێران و کوردستان بە وردی باس کرد و گرینگیی ئەرکی هێزی سیاسی بەرانبەر بە کۆمەڵگا و کۆمەڵگا بەرانبەر بە هێزە سیاسییەکان خستەڕوو.

دواتر "سۆران نووری"، بە نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان تیشکی خستەسەر چۆنیەتی مانگرتنەکەی پاش مووشەکبارانی بنکەکانی حیزبی دێموکرات و ئێعدامی تێکۆشەرانی سیاسی لە هەموو ڕەهەندەکانییەوە، مانگرتنەکەی شرۆڤەکرد و باسی لەوە کرد، کە حەرەکەتێکی ئاوا جەماوەریی ئەگەرچی بەبێ کەموکوڕی نییە، بەڵام یەکگرتوویی هێزە سیاسییەکان و وڵامی ئەرێنیی کۆمەڵگا، لەم هەلومەرجە هەستیارەدا بێوێنە بوو.

لە پانێلی سێهەمدا "محەممەد حەکیمی" بە نوێنەرایەتی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان، دەوری ڕاگەیاندنی لە بەرەوپێشبردنی ئامانجەکانی مانگرتنەکەی بە وردی باس کرد و پێویستی کۆمیتەیەکی ڕاگەیاندنی هێزە سیاسییەکان، لە داڕشتنی بەرنامە و پلانی یەکگرتوو لە بواری میدیا پێویستییەکی زەرووری زانی.

"فواد جەعفەری" بە نوێنەرایەتی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران، لەژێر ناونیشانی "دەوری پشتیوانیی هێزە سەرانسەرییەکانی (سازمانی موجاهیدنی خەلق وەک نموونە) لە مانگرتنی کوردستان" باس کرد و ڕایگەیاند، لەو هەلوومەرجانەدا پشتیوانیی هێزە سەرانسەرییەکان لە داخوازە ڕەواکانی نەتەوەکەمان دەبێ لە کوردستانەوە بە ئەرێنی سەیر بکرێت.

لە کۆتا پانێلی سمینارەکەدا، "تاهیر مەحموودی" بە نوێنەرایەتی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران "گرینگیی هاوئاهەنگی خەباتی شار و شاخی" باس کرد و ڕایگەیاند لە ڕوانگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە شار لە هەموو ڕەهەندەکانەوە دەبێت چەقی خەبات بێت و پێشمەرگە و شاخیش پشتیوان بن، هەر دوو لا هاوئەهەنگ و هاودەنگ لە ڕاستای وەدیهێنانی ئامانجەکانی نەتەوەکەمان هەنگاو هەڵ بگرن.

سێمینارەکە بە وڵامدانەوەی پێشنیار و ڕەخنەی بەشداران لە لایەن کۆڕگێڕانەوە و کۆبەندی ڕاسپاردەکان بۆ بڕیاردان لە کۆبوونەوەی داهاتووی ناوەند، کۆتایی پێ هات.

# ڕاگەیەندراوی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران سەبارەت بە مانگرتنی گشتیی مامۆستایان

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران
Cooperation Center of Iranian Kurdistan's Political Parties.
مرکز همکاری احزاب کردستان ایران

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران، سەبارەت بە مانگرتنی گشتیی مامۆستایانی قۆتابخانەکانی ئێران و کوردستان، ڕاگەیەندراوێکی بڵاو کردەوە.

دەقی ڕاگەیەندراوەکە بەم چەشنەیە:

خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان

مامۆستایانی سەنگەری پەروەردە

٢٢ی ڕەزبەری ١٣٩٧ی هەتاوی، مانگرتنی گشتیی مامۆستایانی قوتابخانەکان لە بەشێکی زۆری شارەکانی ئێران و کوردستان بە سەرکەوتنەوە بەڕێوە چوو .

مامۆستایان ئەو توێژە کاریگەرەی کۆمەڵگان کە زۆرترین خزمەت بە ڕۆلەکانی گەل دەکەن. ئەوان شیاوی ژیانێکی زۆر باشن و لە سەرجەم کۆمەڵگا پێشکەوتووەکاندا مامۆستایان وەک نموونە و پێشڕەوی کۆمەڵگا سەیر دەکرێن، نەک هەر مافیان پێشێل ناکرێ، بەڵکوو دەرفەتی باشترین ژیانیان بۆ دابین دەکرێ، بەڵام لە ئێرانی ژێردەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی نەک پلەی مامۆستا ڕێزی لێ ناگیرێت، بەڵکوو مافە سەرەتاییەکانیشی کە دابینکردنی ژیانێکی سەردەمیانەیە لە لایەن دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامییەوە بە هەند ناگیرێ و لە ژیانێکی کۆڵەمەرگیدا ڕایان دەگرن و ئەوە لە حاڵێکدایە کە مامۆستایان خزمەتی منداڵانی وڵاتەکەیان دەکەن و بۆ دوارۆژ و داهاتووی وڵات ئامادەیان دەکەن، مانگرتنی گشتیی مامۆستایان بە نیشانەی نارەزایەتی لە لایەك بە سیاسەتی هەڵە و شەڕخوازانە و دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتان و یارمەتیگەیاندنی ماڵی و لوجیستێکی بە تاقم و گرووپە تێرۆریستییەکانی ناوچە، لە لایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە و لە لایەکی دیکەوە لە هەمبەر هەلومەرجی نالەباری ئابووریی مامۆستایان و کەمیی مووچە، چوونەسەری نرخەکان، بێبەها بوونی پووڵی میللی، سەرکوت و خەفەقان و نەبوونی ئازادیی بەیان و نەبوونی پلانێک بۆ خوێندن بە زمانی زگماکی، لەسەر ویست و داخوازیی کۆمەڵێك مامۆستای پێشڕەو، مانگرتنی گشتی لە ئاستێکی بەربەریندا بەڕێوە چوو. ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران وێڕای پشتیوانی لە ویست و داخوازییە ڕەواکانی مامۆستایانی قوتابخانەکانی سەنگەری پەروەردە و زانست لە ئێران و کوردستان، داوا لە گەلانی ئێران و بەتایبەت بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان دەکەین، با هەموومان بە یەکگرتوویی و یەکدەنگییەوە پشتیوانی لە داوا ڕەواکانی مامۆستایان بکەن. لە هەمان کاتدا داوا لە خەڵکی تێکۆشەر و خەباتگێڕی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەین، بە هەر شێوەیەک بۆیان دەکرێ پشتیوانی لە داوا ڕەواکانی مامۆستایان کوردستان بکەن.

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**٢٣ی ڕەزبەری ١٣٩٧ی هەتاوی**

## درێژەی پەیڤ

دوو چەمکە لە بەرامبەر یەکدا دابنێن و وا لە مێشکی خەڵک جێ بخەن کە هەر کەس «ئاشتیپارێز» نەبێ، ئەوە شەڕخوازە!

ئەمە لەکاتێکدایە کە لە نێو ئێراندا شتێک بەناوی ئاشتی بوونی نییە تا بپارێزرێ! لە کاتێکدا کە دەسەڵاتی ویلایەتی فەقیهی بە هەموو شێوەیەکی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتووری شەڕی بە دژی خەڵکانی ئێران و نەتەوە ستەملێکراوەکان ڕاگەیاندووە و سەدان هەزار کەس دەربەدەر و ماڵوێران کراون و ڕۆژ نییە پرۆژەی ئێعدام و موعتادکردنی لاوان و ئەشکەنجە و ئازاری خەڵک و بەتاڵانبردنی سامانی وڵات و ژیانی کۆمەڵگا و ... بەڕێوە نەچێ، و لە هەمووی گرنگتر ڕێژیم بە فەرمانی جیهاد، هێرشی کردۆتە سەر کوردستان و هەموو شاخ و دۆڵێکی کوردستانی لە هێزی داپڵۆسێنەری تیرۆریستی تەنیوە. لە وەها دۆخێکدا شتێک بە ناوی ئاشتی بوونی نییە بەڵکوو ئەوەی هەیە «دۆخی داسەپاوی ستەمکارانە»یە.

گوتارسازیی ڕواڵەتیی دەسەڵاتی ئیدئۆلۆژیکی تاران نابێ ڕێگەی پێ بدرێ بێتە نێو مێشک و بیری ئازادیخوازانەوە، خەباتی خەڵک بۆ تێکدانی دۆخی ستەمکاری و گەیشتن بە ماف، ناوی لێ نانرێ شەڕخوازی بەڵکوو پێی دەوترێ خەباتی گەل لە پێناوی ڕزگاری و گەیشتن بە ئازادیدا.

# جووڵانەوەی ڕزگاریخواز کولتووری دێموکراتیک دەخوازێ



دوکتور میرۆ عەلیار

## بەشی یەکەم

بەپێی پێناسەکردنی "سێسیل هێلمەن" Cecil Helman زانای ئەفریقایی باشوور، کولتوور،چاندیان فەرهەنگ"سیستمێکە لە ڕێسا و نەریت و عادەتگەلێک کە دەبێتە هەوێن و ڕێنوێن بۆ پێکەوەژیان و هەڵسووکەوتی مرۆڤەکان".کولتوور ئەو شتانە لەخۆدەگرێ کە مرۆڤ دایاندەهێنێ و بەرهەمیان دێنێ.

بە بۆچوونی "ئێدوارد تەیلێر" Eward Tylor مرۆڤناس/ کۆمەڵناسی بەناوبانگی بریتانیایی، کولتوور "کۆیەکی ئاڵۆزە لە زانست، باوەڕ، هونەر، یاسا، ئەخلاق، مەزهەب، هەڵسووکەوت و داب ونەریت و... کە مرۆڤ وەک ئەندامێکی کۆمەڵگا لە کۆمەڵگایەکەی خۆی وەریدەگرێ و فێری دەبێ و فێر دەکرێ".

"ئالبێرت شوایتسەر" Albert Schweitzer پزشک، زانای دینی و فیلەسووفی ئالمانی- فەرانسەیی دەڵێ "دوائامانجی کولتوور بەکەماڵگەیاندنی ڕووح و ئەخلاقی تاکەکانە".

فەرهەنگ لەڕێگای فێرکردن و ڕاهێنانەوە لە بەرەیەکەوە (نسل) بۆ بەرەیەکی دیکە دەگوێزرێتەوە.

جێگای سەرنجە کە کولتوور و فاکتەرە پێکهێنەرەکانی کولتوور هەتاهەتایی و نەگۆڕ نین و دەکرێ ئاڵوگۆڕیان بەسەردا بێ، واتە مرۆڤەکان دەتوانن کولتووری غاڵب بگۆڕن و لەپێناو گەشەپیدان و بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگاکەیان لەگەڵ ویست و پێداویستییەکانی (چەلنج) سەردەم بیگونجێنن.

کولتووری سیاسی بە تێڕوانین و هەست و تێگەیشتن و بڕوای مرۆڤ بەرامبەر بە سیاسەت و دەسەڵات (حکوومەت) دەگوترێ، واتە دیتن و تێگەیشتن لە سیاسەت و چۆنیەتی پێوەندی نێوان خەڵک و حکوومەت.

کولتووری سیاسی باس لە تێڕوانینی ئەندامانی کۆمەڵگا لە بنەمای فیکری و ئوسووڵی کرداریی (قواعد رفتاری) سیستمی سیاسی دەکا.

کولتووری سیاسی ڕێنوێنە بۆ تێگەیشتن لە سیاسەت و هەڵسووکەوتی سیاسی لە کۆمەڵگایەک دا.

سیاسەت بۆ مرۆڤ و بۆ ژیانە؛ کەوایە کاتێک باسی کولتووری سیاسی دەکرێ، مەبەست تەنیا شێوەی سیاسەتکردن و هەڵسووکەوتی سیاسی و چۆنیەتی تێگەیشتنی مرۆڤ لە پێوەندی نێوان خەڵک و دەسەڵاتی سیاسی نییە.

کولتوور مەفهوومێکی زۆر بەربەرینە و هەموو لایەنەکانی ژیانی مرۆڤ دەگرێتەوە: شێوەی پێکەوەژیان، پێکەوەهەڵکردن و موراعاتی هاوڕێ و دەرووجیران، ڕێزگرتن لە کەرامەت و کەسایەتی یەکتر، شێوەی هەڵوێستگرتن بەرامبەر بە ڕەخنە و گلەیی، بەکارهێنانی زمان و ئەدەبیاتی شیاو، هەست بە لێپرساوی کردن و وەخۆگرتنی بەرپرسایەتی (مسئولیت پذیری)، چۆنیەتی تێڕوانین لە پرسی ژن و هەڵسوکەوت لەگەڵ ژن، پاراستنی "حریم شخصی" خەڵک و خۆبواردن لە دەخالەتکردن لە ژیانی ئەم و ئەو، ڕێزگرتن لە بیروباوەڕی جیاواز، سەلماندن و ڕێزگرتن لە جیابیر و جیاوازی بەگشتی، پاراستنی ژینگە، پاراستنی پاک و خاوێنی ماڵ و شوێنە گشتییەکان، پاراستنی ئەموالی گشتی و زۆر شتی دیکە.

لێرەدا مەبەست پێداویستیی کولتووری سیاسی دێموکراتیک لە جووڵانەوەکانی کورددایە.

کولتووری خەبات بەو مانایەیە کە کاتێک کەسێک پێ دەنێتە نێو شوێن و ژیانی شەخسی وسیاسیی خەباتگێڕییەوە، لە هەموو ئەو بوارانەی لە سەرەوە ئاماژەیان پێکرا، جیاوازی ببینێ. لەگەڵ کەشوهەوایەکی نوێی پڕ لە تێکۆشان و هیوا بەرەوڕوو بێ، خێرا هەست بکا پێی ناوەتە دنیایەکی دیکەوە. ئاڵوگۆڕ ببینێ و بە دیتنی ژیانی خەباتگێڕانە، ورە و هومێد بکەوێتە دڵیەوە و هیوای بە داهاتوو تێدا بەهێزتر بێ.

بەکورتی، کاتێک بیر دەکاتەوە و هەڵسەنگاندن دەکا لە بەینی ژیان لەژێر سێبەر و دەسەڵاتی داگیرکەر و ژیانی خەباتگێڕ لە ئازادی و سەربەستیدا، باوەڕ بێنێ کە بۆ سەرکەوتنی ئەو خەباتە، دێنێ و هەڵدەگرێ هەزینەی بۆ بدا و فیداکاریی بۆ بکا بەڵام ئەگەر هیچ گۆڕان و جیاوازییەکی هەست پێنەکرد و بگرە خراپتریشی بینی، تەمابڕاو دەبێ و هیوا و بڕوای بە خەباتیش لاواز دەبێ.

ئەو کەسانەش کە لەنێو خەباتەکەدان یان تازە دێنە نێو ڕیزی جووڵانەوە، ئەگەر گۆڕان و تەحەممول ببینن، زیاتر ورە دەگرن و هیوایان بە خۆیان و بە خەباتەکەیان زیاتر دەبێ.

کولتوور بنەما و ژێرخان و پێناسەیە. هەر بزاڤێکی سیاسی، هەر ئیدئولوژییەک و هەر نیزامێکی سیاسی بۆ جێگیرکردن و سەقامگیرکردنی خۆی پێویستیی بە کولتووری تایبەت بەخۆی هەیە. هەر شۆڕشێک سەردەکەوێ و دەسەڵات بەدەستەوە دەگرێ، سەرەتا دنیایەک ئینرژی و هەزینە تەرخان دەکا کە کولتووری کۆمەڵگایەکە لە بەرژەوەندیی سیستمەکەی خۆی دا بگۆڕێ و لە ڕێگای ئەو کولتوورە نوێیەوە بناخەیەکی قایم و پتەو بۆ نیزامەکەی خۆی لە کۆمەڵگادا دابڕێژێ.

بە دروستی گوتراوە کە "ئەوەی دەیهەوێ سیاسەت بگۆڕێ، دەبێ کولتوور بگۆڕێ"!

جووڵانەوەی نەتەوەیی- دێموکراتیکی کوردیش هەر بەوجۆرە پێویستیی بە کولتوورێکی سیاسی سەربەخۆ و تایبەت هەیە کە نوێنگە و نوێنەری بەها و بیروباوەڕ و ئامانجەکانی خەباتی ڕزگاریخواز بێ.

کولتووری خەباتی ڕزگاریخواز بەپێچەوانەی کولتووری داگیرکەر، دەبێ دێموکراتیک بێ و لە بەرامبەر کولتووری دواکەوتوو و نادێموکراتیکی دەسەڵاتی حاکمدا، ڕۆڵی کولتووری ئالترناتیف" (بەدیل) بگێڕێ.

بوونی کولتووری سیاسیی پێشکەوتنخوازی جیاواز لە کولتووری عەشیرەتی وکولتووری چەوسێنەر، بۆ خەباتی نەتەوەیی کورد حەیاتی و چارەنووسسازە. کولتوورێک کە بتوانێ وڵامدەرەوەی ویست و زەرووڕەتەکانی ئەوڕۆی جووڵانەوەی ڕزگاریخواز بێ و گەشەی پێبدا و بەرەوپێشی بەرێ.

گرنگی کولتوور لەوەدایە کە هیچکات بێ لایەن نییە؛ یان نادێموکراتیکە و لە خزمەت بەردەوامیی سوڵتە و دەسەڵاتی چەوسێنەردایە یان دێموکراتیکە و لە خزمەت بووژانەوە و خەباتی ڕزگاریخوازی چەوساوەدایە.

بە کولتووری نادێموکراتیکی چەوسێنەر خەباتی میللی- دێموکراتیکی چەوساوە گەشە ناستێنێ و سەرناکەوێ.

سنوورەکانی جیاوازیی کولتووری لەگەڵ دەسەڵاتی حاکم دەبێ بەتەواوی بۆ جەماوەر و بیروڕای گشتی دیار و ئاشکرا بێ و بۆ خەڵک ببێ بە ئولگوو.

کۆمەڵگای نەتەوەی ڕاپەڕیو پێویستیی بە کولتووری بەدیل هەیە، کولتوورێک کە خەڵک و حاکمییەت لێک جیا دەکاتەوە و خەڵک و خەبات بەیەکەوە گرێ دەدا.

بوونی کولتوورێکی پێشکەوتنخوازی جیاواز بەتایبەتی لەو بارەشەوە زۆر گرنگە کە پێش بە داسەپانی هێژمۆنی سیاسی و فەرهەنگی ڕێژیمی حاکم لەنێو نەتەوەی بندەستدا دەگرێ و دەبێتە بەربەستێکی قایم بۆ پەرەسەندنی "جامعەپذیری سیاسی" لە کۆمەڵگای کوردستاندا.

داگیرکەر هەموو هەوڵی خۆی دەدا سەرەتا لە ڕێگای کولتوورەوە گەلی بندەست لە ناخیدا داگیر و دەستەمۆ بکا و بەو جۆرە هێژمۆنی و سوڵتەی سیاسیی خۆی بەسەر گەلی ژێرستەمدا مسۆگەر دەکا.

نەتەوەی حاکم هەمیشە تێدەکۆشێ کولتوور وداب و نەریت و بەهاکانی خۆی بکا بە کولتوور و داب و نەریت و بەهای نەتەوەی بندەست.

ئەوکاتەی نەتەوەی چەوساوە کولتوور و بەهاکانی نەتەوەی چەوسێنەری وەخۆگرت و بردیە نێو ناخیەوە (ئینترنالیزەی کرد) و کردی بە بەشێک لە ناسنامەی خۆی، نەتەوەی ژێرستەم دەستەمۆ بووە و سوڵتەی سیاسیی داگیرکەری قەبووڵ کردووە.

کاتێک نەتەوەی بندەست هێژمۆنی و سوڵتەی داگیرکەری وەخۆگرت، ئیدی کاری تەواوە و ئاسمیلە بووە.

کولتوور یەکێک لە کوژەرترین چەکەکانی داگیرکەرە کە گەیشتە نێو جووڵانەوەی سیاسی و بڵاوبۆوە، جووڵانەوەکە لە نێوخۆیدا دادەڕزێنێ و داماوی دەکا، هێز و ئەنگیزەی وەستانەوە و خەباتی لێدەستێنێ بۆیە، حیزبی سیاسی و جووڵانەوەی ڕزگاریخواز بەبێ کولتووری سیاسی دێموکراتیکی ئالترناتیف، "آسیب پذیر"ن.

کاتێک حیزبی سیاسی و جووڵانەوە خاوەنی کولتووری ئالترناتیف نەبوو، ڕێگا بۆ نفووزی کولتووری زیانباری نەیار هەموار دەبێ و بەرگرەوەی بۆ نییە و خەباتگێڕ بەبێ ئەوەی بەخۆی بزانێ، بەهاسانی کولتووری نەیارەکەی وەخۆدەگرێ.

کولتووری سیاسی دێموکراتیک زۆر لە کێشە وئاڵۆزییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی نێو خەباتی ڕزگاریخواز بنەبڕ دەکا، لانیکەم بەشێوەیەکی بەرچاو کەمیان دەکاتەوە و دەبێتە هۆی بەهێزبوونی بزووتنەوە لە بەرامبەر ڕێژیمی حاکم دا:

*چەکی هەرە کاریگەر بۆ بەربەرەکانێ لەگەڵ مەترسیی نفووزی کولتوور و داب و نەریتی دژێوی چەوسێنەر، بوونی کولتووری سیاسی دێموکراتیکە کە حوکمی "پادزهر"ی هەیە و سیستمی ئیمەنی- دیفاعی کۆمەڵگا و جووڵانەوە بەرامبەر بە نفووز و پەرەسەندنی کولتووری دواکەوتوو و ئیستبدادیی دوژمن بەهێز و بیمە دەکا.

*کولتووری دێموکراتیک نفووزی وایروسی کولتووری چەوسێنەر تا ڕادەیەکی بەرچاو پووچەڵ دەکاتەوە، کارێک کە بە دروشم و بڕیار و چەک ناکرێ.

*کولتووری دێموکراتیک گەشە دەدا بە سیاسەت (توسعە سیاسی)، مرۆڤی دێموکرات و سەربەست باردێنێ، ڕۆحی "تولرانس" و یەکتروەخۆگرتن بەهێز دەکا.

*بەبێ بڕوا بە دێموکراسی و کولتووری دێموکراتیک هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی پرسی ژن و زۆر پرسی گرنگی دیکەی نێو بزووتنەوە و کۆمەڵگا، بەرهەمی دڵخوازی لێناکەوێتەوە

*دیکتاتوریی حاکم بەر لە هەموو شتێک و زیاتر لە هەر چەک و هێزێک، لە یەکیەتی و هێزی یەکگرتووی حیزبە کوردستانییەکان لەلایەک و هاوپێوەندی و هەواهەنگی و خەباتی هاوبەشی خەڵک و حیزبەکان لەلایەکی دیکەوە، دەترسێ.

*لەلایەکی دیکەوە، ئاشکرایە کە تەنیا پابەندبوون بە پێوەرەکانی دێموکراسی و بوونی کولتووری دێموکراتیک خاوەنی زەرفییەتی دابینکردنی یەکیەتی و یەکڕیزی و هاوخەباتی و هاوپێوەندی لەنێو ڕیزەکانی جووڵانەوەیە.

*پاوانخوازی و موتڵەقگەرایی و "تمامیت خواهی" دوژمنی سەرەکی یەکگرتن و خەباتی هاوبەشن. کولتووری دێموکراتیک پاشەکشە دەکا بە پاوانخوازی و موتڵەقگەرایی و ڕێگا بۆ یەکیەتی و خەباتی هاوبەش هەموار دەکا و بەتایبەتی یارمەتی دەدا بە جێگیربوونی ئەو بیروباوەڕە کە بەرژەوەندی جووڵانەوە وەپێش بەرژەوەندیی حیزبی و بەرژەوەندیی حیزبی وەپێش بەرژەوەندیی نایاسایی تاک و شەخسی بخرێ.

*کولتووری دێموکراتیک فاکتەرێکە کە دەتوانێ مەترسی شەڕی نێوخۆی کورد بە چەک، بڕەوێنێتەوە و زۆر لە کێشە و ناکۆکییەکانی دیکەی نێو خەباتی کورد لە ڕێگای سیاسی و وتووێژەوە چارەسەر بکا.

*کولتووری ئالترناتیڤ دەتوانێ زۆر کار دژی داگیرکەر ئەنجام بدا کە بە چەک ناکرێ، هەروەک چۆن دوژمن لە ڕێگای کولتوورەوە زۆر کار بەدژی کورد دەکا کە بە چەک و سەرکوت پێی ناکرێ.

*کولتووری نەتەوەیی- دێموکراتیکی بەهێز دەتوانێ بەرەنگاری سیاسەتی ئاسمیلەکردنی دوژمن بێتەوە و سیاسەتی بەڕێوەبردنی "ئێتنوسید"ی داگیرکەر پووچەڵ بکاتەوە.

*بزووتنەوە، ئەگەر خاوەنی پێناسە و کولتووری دێموکراتیک بێ، پاشەکشەی پێبکرێ، تووشی شکست نایە و زوو هەڵدەستێتەوە. چون لە ڕێگای کولتوورەوە بناخەی خەباتی قایم داڕشتوە و ژێرخانەکەی بەدەستلێنەدراوی دەمێنێتەوە.

گەورەترین خاڵی لاوازی جووڵانەوەکانی کورد لە هەر چوار پارچە، بەهەندنەگرتنی ئەو پرسە یەکلاکەرەوە بووە و هەیە.

دەبینین کە بەهۆی نەبوونی کولتووری سەربەخۆ و دێموکراتیک، جووڵانەوەکانی کورد کە تووشی پاشەکشە هاتبن، هەرەسیشیان هێناوە و بیست ساڵ و زیاتری خایاندوە هەتا جووڵانەوەیەکی دیکە سەریهەڵداوەتەوە و دیسان لە نووکەوە دەستی پێکردۆتەوە.

ئەو دیاردە تراژیکە بەردوام دووپات بۆتەوە بەبێ ئەوەی دەرسی لێوەر گیرابێ!

# ئەوبەری ئایدیای، هێنانی تفاقی نیزامی بۆ کوردستان

کەیوان درووڎی



**هەرەشە بوونی کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ لەقبوون و سواویی گێژەنەی دەسەڵاتی ئەوان لە ناو خەڵکی کوردستان، نەک هۆگرێتی و ناهۆگرێتی بە ئایدیاکانی دەسەڵات و لایەنگرانی.**

**ئەگەر ڕێژیمی ئیسلامی درێژە بەم ڕەوتە بدات، بەدڵنیاییەوە زەبرێکی بەردەکەوێت کە قەزافی و سەدام و .. بەریان کەوت و لەم زەبرلێدانەشدا نەتەوە بندەستەکانی نەک لای کۆماری ئیسلامی نین بەڵکوو پێش لە هەمووان ئەو تفاقی سەرکوتەی لە نیشتمانیان بڵاوەی پێکراوە، دەکەن بە ئامانج.**

دوای ئەوەی هەندێک هەواڵ و زانیاری لەلایەن هەواڵدەرییەکانەوە لەسەر ئاشکرابوونی خەزێنەی تەقەمەنی و چەکوچۆڵی ڕێژیمی ئێران بڵاو بوویەوە، جووڵەیەکی لەناکاو و نائاسایی نیزامی سەرتاسەری ئێرانی گرتەوە. بڵاوکردنەوەی تفاقی نیزامی بەسەر ناوچە جیاجیاکاندا ئەو گومانەی بەهێزتر کرد کە ڕێژیم خۆی لە بەردەم مەترسییەکی جیددیدا دەبینێتەوە.

لەم ناوە وەکوو هەمیشە، کوردستان ئامانجی یەکەمی دەسەڵاتی تاران بوو و زۆرینەی ئەم تفاقە نیزامییانە بەسەر خاکی کوردستاندا بڵاوەی پێکرا و هەر لە ئیلامەوە هەتاکوو ورمێی تەنییەوە.

لەسەر گرتنەبەری ئەم ڕێوشوێنە شرۆڤەی جیاواز و جارجاریش دژەیەک خراونەوەڕوو بەڵام دوو بۆچوونی بەهێز هەن کە هەرکامە لە ڕەهەندێکی تایبەتەوە دەڕوانێتەوە بابەتەکە و لەو بارەوە لێکدانەوەی خۆی هەیە.

لایەنگرانی بۆچوونی یەکەم لایان وایە کە دەزگای هەواڵگریی ئیسرائیل سەرکەوتوو بووە لە دەسختستنی زانیاریی ورد لەسەر شوێنی حەشاردانی تفاقی نیزامیی سپای پاسداران و هەر ئەمەش هۆی سەرەکیی جێگۆڕکێی ئەم دواییەی چەکوچۆڵی ئێرانە. ئەم کەسانە لایان وایە کە بەپێی لێهاتوویی هێزی ئاسمانیی ئیسرائیل و بوونی زانیاریی ورد لەسەر ئامانجە نیزامییەکانی ناو جوغرافیای ئێران، گرتنەبەری ئەم ڕێوشوێنە لەلای دەسەڵاتی تارانەوە زۆریش دوور لە چاوەڕوانی نەبووە.

دەستەی دووەم لەسەر ئەو بڕوایەن کە ئەم جووڵەیە پەیوەندیی بە ئامادەکاریی پێشوەختە بۆ کردنەوەی بەرەیەکی شەڕی گەورە هەیە و تەنیا مەسەلەی ئیسرائیل نییە. ئەم بۆچوونە زیاتر لەسەر ئەگەرە سیاسییەکان ڕاوەستاوە واتە گوشاری زیاتر لە ناوەوە و دەرەوە و لە ئاکامدا، ڕووبەڕووبوونەوەیەکی گشتگیری ناوخۆیی و دەرەکی کە نارەزایەتیی خەڵک لە لایەک و گوشاری وڵاتانی ناوچەیی و جیهانی دوو سەری ئەم ڕمبە بەهێزەن کە بەرەو تاران ڕاوەستاون و هەر چرکەیەک دەشێت خۆیان دەربخەن.

لێکدانەوەی پشتەوەی ئەم بۆچوونە لەسەر ئەوە ڕاوەستاوە کە ڕێژیمی ئێران دوای ڕاگیرانی هەناردەی نەوتی، چ دژکردەوە بنوێنێ و چ دەستەوەستان ڕاوەستێ بەرەو شەڕێکی گەورە لە داهاتوودا دەڕوات؛ بەڵام خودی ڕێژیم نووکی ڕمبی بەرەو کوردستان گرتووە و ئەوەی نەشاردووەتەوە کە بەلای ئەوانەوە کوردستان دوایین ئەڵقەی زنجیرێکی گەورەیە کە لە ئامریکاوە دەسپێدەکات و راسیزمی داگیرکاریش بە هەموو گیانێکی ڕەگەزپەرستیی خۆیەوە لایەنگر و بانگەشەکەری ئەم پرۆپاگاندایە بووە.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا خوێندنەوەی ئەم بابەتە لای ئەوانەی خوازیاری داهاتوویەکی بێ کۆماری ئیسلامین، جیاوازە. ئەگەرچی هەردوو بۆچوونەکە کۆکن لەسەر ئەو خاڵەی کە کوردستان هەڕەشەی سەرەکیی سەر کۆماری ئیسلامییە بەڵام لایەنێک — کە تاقمی راسیستەکان بانگەشەی بۆ دەکەن — ئەو هەڕەشەیە بۆ ئەوە دەگەڕێننەوە کە گوایە کوردستان خاوەنی ئیرادەی خۆی نییە و لای بێگانە و نەیارانی یەکپارچەیی جوغرافیای ئێرانە دەگرێ!

هەر ئەمانە، ماوەیەک پێش سەردانی حیزبە کوردستانییەکانیان بە ناپاکیی نیشتمانی ناو بردبوو و بە دیاریکراوی ئەم سەردانەیان وەکوو کردەوەیەکی دژ بە بەرژەوەندییە باڵاکانی ئێران و دابەش کردنی ئیرادەی گشتیی ئێران و ئێرانی لە قەڵەم دابوو.

ئەم کەسانە بێ ئەوەی باسی ئەوە بکەن کە هەڵسووڕانی ئەم حیزبانەیان لە یاسای هەنووکەی ئێران قەدەغە کردووە، پەیوەندیی دیپلۆماتیکی ئەم حیزبانەیان بە ناڕەوا زانیوە! ئیتر ئەو کەلێنەی بۆچوونەکەیان کە ئاخۆ حیزبێک کە قەدەغە کراوە، چۆن دەبێ پابەندی و هۆگرێتیی بە بایەخەکانی ئەوان و دەسەڵاتەکەیانەوە هەبێ، بێ ئەوەی هیچ پاساوێکیان بۆی هەبێ؛ هەروا هێشتووەتەوە؟!

لەڕاستیدا هەڕەشە بوونی کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ لەقبوون و سواویی گێژەنەی دەسەڵاتی ئەوان لە ناو خەڵکی کوردستان، نەک هۆگرێتی و ناهۆگرێتی بە ئایدیاکانی دەسەڵات و لایەنگرانی.

هەڕەشە بوونی کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ لەقبوون و سواویی گێژەنەی دەسەڵاتی ئەوان لە ناو خەڵکی کوردستان، نەک هۆگرێتی و ناهۆگرێتی بە ئایدیاکانی دەسەڵات و لایەنگرانی

هەر لێرەشەوەیە کە دەبێ بڕوانینە ئەم میلیتاریزە کردن و هەوڵە نەزۆکانەی کە دەستیان پێکردووە. بە ڕاشکاوی دەبێ بێژین کە سپای پاسداران لەوە دڵنیایە کە لەم شەڕەی وا لە بەردەمیدایە و ئەگەری ڕوودانیشی بەهێزە؛ نەک پشتگیریی خەڵکی کوردستانی لەگەڵ نییە بەڵکوو ئەو خەڵکە ئەم شەڕەی ئەوان وەکوو کڵاوڕۆچنەیەک دەبینن بۆ ئەوەی دوای چل ساڵ خنکاندنی دەنگ و کپکردنی هاواری دادپەروەرییان، ڕووناکییەکی بەدواوە هەبێ و هەناسەیەکی لەبەردا بکێشێ.

بۆیەش دەکرێ بێ دڕدونگی هەڕەشە بوونی کوردستان لەسەر ئەوان بە هەند وەربگرین و بزانین کە ڕێژیمە ئۆتوریانیستە یەک لە دوای یەکەکانی سەر جوغرافیای ئێران هیچکات نەیانتوانیوە و نەیانویستووە کە بەرژەوەندیی کوردستان و نەتەوە بندەستەکان بخەنە ئەجێندای سیاسەتی ناوخۆیی و دەرەکییان و لە کۆنەوە بە ڕاکێشانی هۆز و سەرۆک خێڵ و لەم دواییەش بە بژار کردنی بەناو نوێنەری مەجلیس، ڕووماڵێکی ڕزیو و ناتەندروستیان لەسەر ئەم ئەرکە ئەخلاقیی، سیاسی، مێژوویی و کۆمەڵایەتییەیان داداوە.

هەر ئەمەش وای کردووە کە لە ماوەی ڕابردوودا لە سێ قۆناغدا بە بوردومان و هێرش و سێدارە لە کوردستان، ڕەشبگیریی هەڵسووڕاوان و دەموچاوە ناسراوەکانی ئەحواز و گرتنی بەکۆمەڵی چالاکانی ئایینی و نەتەوەیی بەلووچ ڕێ خۆش بکەن بۆ بەتاڵکردنەوەی وزە سەرەکییەکانی ناو کۆمەڵی نەتەوە بندەستەکان و لێدانی کۆڵەکە سەرەکییەکانی خەباتی جەماوەری و ڕزگاریخوازییان.

ئەم ئۆپەراسیۆنە داگیرکارانە دوو مەبەستیی سەرەکیی لەبەرچاو بووە کە یەکەمیان زەبرلێدان بووە لەو کەس و لایەنانەی کە توانای لیدەری و ڕێنوێنییان لەناو کۆمەڵدا هەبووە و دووەمیشیان چاوترسێن کردن و بێ هیوا کردنی خەڵکەکە هەتاکوو بێ ڕێبەری و بێ سەرچاوە بن و لە سەرلێشێواویدا بمێننەوە.

ئەوە زۆر سەرنجڕاکێشە کە دەسەڵاتی پەهلەویش لە ژێر ناوی جۆراوجۆر بەمەبەستی ڕێخۆشکردن بۆ داسەپاندنی ئایدیای ناسیۆنالیزمی پەڕگیری کەونگەرا و ڕەگەزپەرستانەی خۆی، لە ناوچەکانی ئازەربایجان، بەلووچستان، ئەحواز، تورکمەن سەحرا و کوردستانەوە دەستیکرد بە ئۆپەراسیۆنێکی هاوشێوەی ئێستە و ڕەشبگیری خەڵکی ئەم ناوچەگەلە و هێرشی بەربڵاوی بۆ سەر ئەو کەس و لایەنانەی کە نەدەچوونە ژێر باری حوکمی ناڕەوای دەسەڵاتیان.

بەڵام ڕێژیمی ئیسلامی لەبەر دوو خاڵی لەبەرچاو نەگرتووە؛ یەکەم ئەوەی کە ئاستی هۆگرێتیی نیشتمانی بە خاکی خۆیان و هەروەها تێگەیشتووی نەتەوەییان زۆر جیاوازە لەوەی کە بتوانن بەهەر شێوازێک کە پێی خۆش بێ هەڵسوکەوت بکات.

ئەوەی ئێستە خەریکە لە ناو جوغرافیای ئێران تێدەپەڕێ لە قەیرانە جۆراوجۆرەکانی بژێوییەوە هەتا ژینگە و خەسارە کۆمەڵایەتییەکان و وەک خامنەیی دەڵێ "شەقڵی نێو قەومییەت"ەکان، هەر هەمووی بۆ سیستەمێکی تاکگەرا و سەرەڕۆ دەگەڕێتەوە کە بەشی کۆماری ئیسلامی لەم دیاردە دزێو و مێژووییە لانیکەم چل ساڵ دەبێت و دەبێ خۆی بەدوای چارەسەری قەیرانەکانەوە بێت.

سێناریۆی قوربانی کردنی نیوە زیاتری خەڵکی ناو جوغرافیای ئێران بۆ بەشەکەیتری، سواوتر لەوەیە کە تەمەنێکی درێژ بە دەسەڵاتی ئەوان ببەخشێ و درەنگ یان زوو یان دەبێ مل بۆ وڵاتانی ناوچە وجیهان ڕابکێشن و یان دەبێ ئامادەی لێشاوی نارەزایەتیی سەرشەقامەکان بن و ئەگەر هیچکام لەم دوو شتە ڕوونەدات و ڕێژیمی ئیسلامی درێژە بەم ڕەوتە بدات، بەدڵنیاییەوە زەبرێکی بەردەکەوێت کە قەزافی و سەدام و .. بەریان کەوت و لەم زەبر لێدانەشدا نەتەوە بندەستەکانی نەک لای کۆماری ئیسلامی نین بەڵکوو پێش لە هەمووان ئەو تفاقی سەرکوتەی لە نیشتمانیان بڵاوەی پێکراوە، دەکەن بە ئامانج.

ئەگەر ڕێژیمی ئیسلامی درێژە بەم ڕەوتە بدات، بەدڵنیاییەوە زەبرێکی بەردەکەوێت کە قەزافی و سەدام و .. بەریان کەوت و لەم زەبرلێدانەشدا نەتەوە بندەستەکانی نەک لای کۆماری ئیسلامی نین بەڵکوو پێش لە هەمووان ئەو تفاقی سەرکوتەی لە نیشتمانیان بڵاوەی پێکراوە، دەکەن بە ئامانج

# هەرزانی بیانووی گرانیی بەنزین!

> باز گویم این سخن را گرچه گفتم بارەا
> می‌نەند این خائنین بر دوش ملت بارەا
> فرخی یزدی



**هیوا خانی**

دیسان دەنگۆی گرانکردنی سەرچاوە وزەییەکان، بەتایبەت سووتەمەنی لە لایەن کاربەدەستانی ئێران دەبیسترێ و وردە وردە بە وەرێخستنی هێندێک چاوڕاو و دەنگۆی بێبنەما و هێنانەوەی بیانووی بەنی ئیسرائیلی دەیانەوێ بوار بۆ بردنەسەری نرخی سووتەمەنی بەتایبەت بەنزین و نەوت و گازۆئیل خۆش بکەن؛ لەبەر ئەوەیکە گازندەی کەسیان نەیەتەوە سەریش بە خشۆکی چۆن نرخی نانیان زیاد کرد و کەس دەنگی لێ دەرنەهات ئەوەش بەو شێوەیە زیاد بکەن و کەس ورتەی نەیە! پاشانیش گاز- ئاو- بەرقیش سەرشکێنییەک بکەنەوە.

ئەوەی ڕاستی بێ گرانکردنی بەرهەمە نەوتییەکان لەو کاتەوە چەخماخەی لێ درا، کە ڕەفسەنجانی کاتێک کە سەرکۆمار بوو لە سەفەرێک کە بۆ تورکیەی کرد پاش هاتنەوەی لە وتووێژ لەگەڵ هەواڵنێران ڕوو لە خەڵک دەکا و بە منەتەوە دەڵێ: دەبێ شوکری خودای بکەن، کە ئێمە بەنزین بە نرخی ئاو لە تورکیە بە ئێوە دەدەین! لەگەڵ هاتنە سەرکاری ئەحمەدی‌نژاد وەک سەرکۆمار، نرخی جیهانی نەوت بەرزبوونەوەیەکی چاوەڕواننەکراوی بە خۆوە بینی بە ڕادەیەک کە هەر بەرمیلە نەوتێک گەیشتە ١٥٠ دۆلار. لە ئێراندا سوتەمەنی بە بیانووی قاچاغ جیرەبەندی کرا و پاشان چەند نرخی کرا و ئەوجار سوبسیدیان (یارانە) لەسەر سەرچاوەکانی وزە (عاملهای انرژی) هەڵگرت و ڕاستەوخۆ کەمووناتێکیان بە نێوی پوڵی ئیمامی زەمان بۆ خەڵکیان گێڕاوە، کارتی یارانە و کارتی سووتەمەنیان دابەش کرد و نرخی سووتەمەنی و ئاو بەرقیان چەند قات بردە سەرێ! کە هەڵکشان و داکشانی نەوت ئەهوەن بووەوە، ئەوانیش نرخی سووتەمەنیان تاکنرخیان ڕاگەیاند! ئەمڕۆش دیسان بازار هەڵکشان و داکشانی چاوەڕواننەکراو بە خۆوە دەبینێ، بەڵام ئەمجار لە بواری دراودا. دیسان هەمان بیانوو هەمان ڕەوت دەیانەوێ بەسەر خەڵک بێننەوە!

ئەوەتەی کۆماری ئیسلامی هاتووەتە سەرکار ئەوەی دەرحەق بە خەڵکی خۆی دەیکات، هیچ وڵاتێک تەنانەت پۆلپۆتییەکانیش دەرحەق بە خەڵکەکەی خۆیان نەیان کردووە! تەواوی خەمی سەرانی ڕێژیم ئەوە بووە، کە لە چ ڕێگەیەکەوە خەڵکی داپڵۆسێنن و بێ نان و ئاویان بکەن! تاڵانیان بکەن و لە هەژاریدا بیانهێڵنەوە. لە تەواوی کۆبوونەوەکانی کابینەی دەوڵەت و لە تەواوی شەورەکانی شۆرای ئیسلامی و دەزگای قەزایی هەر بار لەسەر خەڵک گرانکردن بووە! کارێکیان نەکردووە خەڵک لە خۆشی و ئاسایش و تەناهیدا بێ، فەڕۆخی یەزدی لەو شێعرەیدا کە لە سەرەوە هاتووە دەڵەی بۆ ئەو حاکمانەی ئەمڕۆی نووسیوە! پۆلپۆت یەک لەسەر چواری خەڵکی وڵاتی خۆی لەنێو برد. ئەوان یەک لەسەر چواری خەڵکی خۆیان نەهێشتووە!

لە باسەکە دوور نەکەوینەوە سەبارەت بە یارانە و سووتەمەنی کە دوو لایەنی هەیە لایەنێک خەڵکە بە هێندێک وادە و بەڵێن کە لە لابردنی سوبسیدەکان دەبێ قازانج بکا، لایەنی دیکە دەوڵەتە. لەو نێوەدا دەوڵەت قازانجی خۆی لە یەکەم ڕۆژەوە هەڵدەگرێ و خەڵکیش حەقەکەی لێ بووەتە ئاردی نێو دڕوو و مافنگی ماوەتەوە! سێ بوارێک کە خەڵک دەبا قازانجی لێ کردبا و دەسەڵات لێی زەوت کردووە، بریتین لە:

یەکەم؛ یارانە، یارانە داهاتێک بوو کە لە نەهێشتنی سوبسیدەکان و گرانکردنی بەرهەمە نەوتییەکان بۆ هەر تاکێکی ئێرانی دیاری کرابوو، بەشێکیشی بۆ تەیارکردنی کارگا و کارخانەکانی نێوخۆ تەرخان بکرێ!

دووهەم: ئازادکردنی نرخەکانە، ئەوەی کە سوبسید لەسەر کاڵای هاوردە نەما و نرخەکان ئازاد بوونە نرخە جیهانییەکان بۆ لایەنی خەلکی لە بەرچاو ناگیرێن.

سێهەم: پێداچوونەوە بە ئامانجدارکردنی یارانەکان (هدفمند کردن یارانەها)، یانی بە تەمان ماڵی خەڵک بدەنەوە بە خودی خەڵک وەک خێر و سەدەقە!

یارانە کە دامەزرا گوتیان داهاتی خەڵکە لە فرۆشی سەرچاوەکانی وزە (عاملهای انرژی) بە دەرەوە و ناوخۆ. ئەو سەرچاوانە هی هەموو تاکێکی خەڵکی ئێرانە چ فەقیر، چ دەوڵەمەند، چ منداڵ و چ پیر. بەڵام ئەو سەروەتەی خەڵکی هیچکات لە بازاڕە جیهانییەکاندا لە دۆخێکدا نەماوەتەوە، جا چ وەک کاڵاکە یان دراوەکەی. ئەو کات کە یارانە درا نەوت بە سەدوپەنجا دۆلار بوو، داهاتێک کە دەدرا بە خەڵک لە مانگێکدا ٤٤٥٠٠ تمەن بوو . بە دۆلار ١٣٠ بۆ ١٤٠ دۆلار بە بەرهەم نەدەگەیشتە یەک بەرمیل نەوت! (سێ لەسەر چواری یەک بەرمیل) ئێستا ئەگەر نرخی دۆلار لانیکەم بە دە هەزار تمەن لە بەرچاو بگرین دەکاتە چوار دۆلار و نێو بە نەوت کەمتر لە نیو بەرمیل! بەڵام ئەگەر بە نرخی ئەمڕۆیی لە بەرچاوی بگرین کەمتر لە یەک بەرمیل دابنێن نرخی نەوت حەفتا دۆلار و نرخی دۆلار دە هەزار بێت، دەبێت بە ١٧٥٠٠٠ تمەن. ئەگەریش دۆلارەکە بە بنەما بگرین دەبێتە ١ میلیۆن و ٣٠٠ هەزار تمەن. ئەوە لە حاڵێکدایە کە چەند ساڵە یارانە لەسەر ئەو نرخ ڕاگیراوە.

لە لایەکی دیکەدا نرخەکان ئازاد کراون و بەرهەمە نەوتییەکان دەقات نرخیان چووەتە سەرێ، بڕیار بوو بەرهەمە نەوتییەکان بە نرخی بازاڕی جیهانی بە خەڵک بفرۆشرێن! کاتێک نەوتیان بە ١٥٠ دۆلار دەفرۆشت، بەنزین بە هەزار تمەن بە خەڵک دەفرۆشرا، کەچی نەوت هاتبووە کەمتر لە پەنجا دۆلار بەنزین هەر بە هەزار تمەن بە خەڵک دەفرۆشرا! لە بابەتی یارانەکانیش لە سەرەوە ئاماژەم پێ کردووە هەر ئەو کارەیان کردووە. لە وڵاتانی پێشکەوتوو و خاوەن بازاڕی ئازاد بەپێی هەڵکشان و داشکانی نرخی کاڵاکە و بازاڕی ڕۆژی دنیا کاڵا و شتومەک و سووتەمەنی دەخرێتە بەر دەستی کڕیارەوە.

لەگەڵ ئەوەی کە یارانە مافی هەر تاکێکی ئێرانییە، لەگەڵ ئەوەی بڕیاربوو داهاتی زێدەی سەرچاوەکانی وزە راستەوخۆ بە خەڵک بدرێ، لەگەڵ ئەوەی بڕیاربوو نرخەکان ئازاد بن و قازانج و زەرەرەکەی بۆ خودی خەڵک بگەرێتەوە، لەگەڵ ئەوەی دەیان گوت ئێمە سوبسید لەسەر کەلوپەل و پێداویستیی خەڵک ناهێڵین لەبەر ئەوەی کە سەرمایەدار و دەستڕۆیشتووەکان بە مشە ماڵی هەژاران هەڵنەلووشن، بۆ وێنە (هی وا هەیە سێ ماشینی هەیە، هەموو ڕۆژێ لە بەنزینی سوبسیدار کەڵک وەردەگرێ فەقیریش قەت ئیستیفادەی لێ ناکا!) ڕاستەوخۆ داهاتەکان لە نێو خەڵک دابەش دەکەین و دەوڵەمەند با بە بەنزینی بداو فەقیر با بیدا بە ڕۆن و برنج! کەچی ئەو گەڵاڵانە تەنیا بۆ فریودانی خەڵک بووە و هیچیان نەگەیشتوونەتە بواری جێبەجێکردنەوە، لەسەر ئەو هەمووە درۆ و دەلەسە و ناڕاستییەش بە بیانووی جۆراوجۆر دەیانەوێ هێڵی سوور بەسەر خەڵکانێکدا بکێشن کە بە ئەستەم دەستیان دەگاتە زاریان. ئەو بڕە داهاتەش بە خەڵکەوە ڕەوا نابینن و دەیانەوێ یارانە کە مافی هاووڵاتیبوون و داهاتی وڵات و خاکی خۆیەتی ببڕێ و وەک خێرات و سەدەقەیەک بیدا بە داماوانی ژێر چەتری کۆمیتە و بێهزیستی. لەو لاشەوە هەموو ساڵێ بە بیانووگەلێ نرخەکان بباتە سەرێ و توانای ژیانیان لێ کەم بکاتەوە و پێویستباری دەسەڵاتیان بکات.

ئەمڕۆش بە بیانووی کەمبوونی نرخی بەرهەمە نەوتییەکان لە نێوخۆ و قاچاغکردنی بۆ دەرەوە، نرخەکان بەرێتە سەر. بەرزبوونەوەی نرخی دۆلار توانای کڕینی خەڵکی زۆر هێنا خوار، بردنەسەری نرخی بەرهەمە نەوتییەکان دەتوانێ شۆکێکی دیکە بێ لە خەڵکی ئاخوندلێدراوی ئێران کە بەتەواوی پەڕوپۆی لێ بێتەوە.

# سیاسەتی پەروەردەیی دیکتاتۆرەکان تەمەنیان کورتتر دەکاتەوە

جەماڵ فەتحی

ئێران کە خاوەن چەندین پێکهاتەی فەرهەنگی و زمانییە، بە هۆی ئەوەیکە بەردەوام لەژێر دەسەڵاتگەلێکی ناوەندگەرا بووە، هیچ کات ڕێگا بە پێکهاتە نەتەوەییەکانی دیکە نەدراوە، گەشە بە بوارە فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەکانی خۆیان بدەن و هەمیشە پرۆسەی پەروەردە بۆ نەتەوە ستەملێکراوەکانی ئێران لە لایەن دەسەڵاتدارانی ناوەندەوە ئامادە و چوارچێوەی بۆ دیاری کراوە.

بە حوکمی چییەتیی حکوومەتە ناوەندگەراکان ئەو چوارچێوەیەی کە بۆ ناوچە ناناوەندییەکان لە بەرچاو گیراوە، بەرهەمهێنەرەوەی ئەو عەقڵییەتە بووە کە پارێزەری بەرژەوەندی و هێزی ناوەند بێت، واتە وانە و ڕێوشوێنە پەروەردەییەکان ئەگەر بە قازانجی فێرخوازانی ناوەند بێت، بەپێچەوانە جگە لە ئاسەواری نەرێنی نەبێت هیچ قازانجێکی بۆ پێکهاتە نەتەوەیی و کەمینە ئایینییەکانی دیکەی ئێران نابێت.

نەتەوەی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات یەک لەو پێکهاتە نەتەوەییانەیە کە بەردەوام لە لایەن حکوومەت و ناوەندگەراکانی ئێرانەوە هەوڵ دراوە، پرۆسەیەکی پەروەردەیی کە لە کاناڵی ناوەندە هزری و فیکرییەکان بەرهەم دێت لە قوتابخانە و خوێندنگەکانی پەرەی پێ بدرێت. ئەم پرۆسە پەروەردەییە



کە لە ڕاستای بەرژەوەندیی تاقمی دەسەڵات بەدەستی ناوەندەوە لە نێو ڕەگی خوێندنگەکان بڵاوە دەکرێ ڕەنگدانەوەی عەقڵیەتی فارسیزمێکە کە لە هەموو بەرگ و شێوازێکدا تەنیا یەک ئامانج بەدی دەکرێت، ئەویش بەدەستەوەگرتنی جومگەکانی دەسەڵاتی سیاسی، ئابووری، فەرهەنگی و هتدە.

ستراتیژی و سیاسەتی جۆراجۆری حکوومەتە ناوەندییەکانی ئێران کە لە چەندین بوارەوە خۆ دەنوێنن هەمووی لە خزمەت سیاسەتە ئابوورییەکانیان بووە، کە یەکێک لە ئامرازەکانی پاراستنی بەژەوەندی و دەسەڵاتە سیاسییەکانی ناوەند دێتە ئەژمار.

لێرە ڕەنگە پرسیارێک بێتە ئاراوە کە سیاسەتی فەرهەنگیی دەسەڵاتی ڕێژیمە ناوەندییەکان کە تێچوویەکی زۆری بۆیان هەیە، چ خزمەتێک بە بەرژەوەندی و سیاسەتی ئابوورییان دەکات، کە دەیانەوێت بە تەرخانکردنی تێچوویەکی زۆر هەموو بەها فەرهەنگییەکان هاوتەریبی بەها فەرهەنگییەکانی خۆیان بکەن. وڵامی ئەم پرسیارە بە ئاوڕدانەوەیەک لە مێژووی نەتەوە بندەست و حکوومەتە ستەمکارەکانی ئێران دەردەکەوێت، چون لە مێژوودا هاتووە کە ئەو نەتەوانە نەیانتوانیوە لە بەرانبەر هێرشی داگیرکەرانەوە خۆڕاگر بن کە فەرهەنگیان بەر لە هەموو شتێک تواوەتەوە و خۆڕاگریی فەرهەنگییان لاواز بووە یان هەر نەیانبووە.

یەک لەو سیاسەت و پیلانانەی چ لە سەردەمی ڕێژیمی پاشایەتی و چ لە سەردەمی ڕێژیمی ئاخوندەکانەوە بۆ بەچۆکداهێنانی کورد بەکار هێنراوە، سیاسەت و پیلانی فەرهەنگییە کە بە هۆی فەرهەنگی پتەو و خاوەن مێژووی کوردەوە هەمیشە ئەم سیاسەتانە پووچەڵ کراوەتەوە.

یەکێک لەو چەمکە کۆمەڵایەتییانەی کە لە هەموو سەردەمێکدا و بەتایبەت لە ئەمڕۆدا سەرەڕای هەموو زەخت و گوشارەکان نکۆڵی لێ نەکراوە، یەکسانیی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتییە کە تەنانەت لایەنی ستەمکاریش بە ڕاشکاوی ناوێرێت نکۆڵی لێ بکات. ئەم نادادپەروەرییە لە ڕوانگە جیاوازەکانەوە و لە لای هەر کەسێکەوە پێناسەیەکی بۆ کراوە، ئەوەی کە لە لایەن چینی ژێردەست وەکوو نادادپەروەری ئاماژەی پێ دەکرێت لە ڕوانگەی چینی باڵادەست وەکوو مافێکی بێ ئەملاوئەولای خۆیان پێناسەی دەکەن، بۆ نموونە خوێندن بە زمانی دایکی لە لایەن نەتەوە ستەملێکراوەکانی ئێرانەوە مافێکی بێ ئەملاوئەولایە و نکۆلیکردنی نادادپەروەرییە، بەڵام لە ڕوانگەی دەسەڵاتدارانی ئاخوندەوە داواکارییەکە کە نائەمنی بە دوای خۆی دێنی و خوازیارانی ئەم مافە سەرەکی و سەرەتاییە بە جیاییخواز و داردەستی وڵاتانی دەراوسێ لە قەڵەم دەدرێن.

ڕێژیمی ئاخوندیی کە سیاسەتی تواندنەوە فەرهەنگییەکەی وەکوو سیاسەتی سەرکوتی نیزامی و سەربازییەکەی مەترسیدار و بەرینە، مانەوەی خۆی لە بووژاندنەوەی عەقڵیەتێکی سەیر بەناوی فارسیزمی ـ ئیسلامیزاسیۆن مانا دەکاتەوە، کە لەم پێوەندییەدا هەموو هەوڵی خۆی بۆ لەنێوبردن و سەرکوتی هەر داخوازییەکی فەرهەنگی وەگەڕ دەخات، تەنیا جارجارێ لە کاتی هەڵبژاردنە شانۆگەرییەکانی بۆ سەرکۆماریی، لە بانگەشە بۆ بووژاندنەوەی فەرهەنگ و زمانی نەتەوەکانی ئێران کە لە ڕوانگەی ئەوانەوە بە قەوم لە قەڵەم دەدرێن، کەڵک وەردەگرێت. ئەم سیاسەتە و هەموو سیاسەتەکانی دیکەی ڕێژیم کە تێچوویەکی زۆری بۆ تەرخان دەکات، ئەگەر لە ڕێگای پەروەردەیەکی ستاندارد و ئاوەدانیی ناوچە پەراوێزخراوەکانی ئێران سەرف بکرێت، زیاتر خزمەت بە تەمەندرێژیی ڕێژیم دەکات هەتا ئەم سیاسەتە دواکەوتووانەی کە تەنانەت چەنگیزخانی مەغولیش بەو هەمووە خوێنرێژییەیەوە ڕەچاوی نەدەکرد.

## کۆماری ئیسلامی و داعش




هەتاو

ئیسلامی سیاسی لە تەواوی وڵاتانی ئیسلامیدا لە دوای هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامی پێی نایە قۆناخێکی نوێ . شرۆڤەی مێژووی بزاوە ئیسلامییەکان بەر لە قۆناخی کۆماری ئیسلامی فرە چڕوپڕ و ئاڵۆز نییە. لە هێندوستان بزاوە ئیسلامییەکان لە دژی ئینگلیزییەکان ڕاپەرین، لە ئەفغانستان دژی ڕووسەکان شەڕێکی درێژماوە سەری هەڵدا، لە ئێران شێعەکان لەدژی مەشروتەخوازی و هەموو جووڵانەوەیەکی مۆدێرن و نائیسلامی دژایەتییان نیشان ئەدا، لە کوردستان ئیسلامی نەریتی لە چوارچێوەی تەریقەتەکاندا لە دژی ڕووس وئینگلیز و دەسەڵاتە ناوەندخوازەکانی تاران و ئەنکارا و بەغدا شەڕی بەرگریکارانە و نەتەوەخوازیان کرد. لە تورکیە لە دوای هەرەسهێنانی عوسمانی بزاوی ئیسلامی و دەسەڵاتی لائیک بە جۆرێک هاوبەشی دەسەڵات بوون. لە وڵاتانی باکووری ئەفریقا ڕاپەرینگەلێکی بەرگریکارنە لە دژی هێزی وڵاتانی ئیتالیا، فەڕانسە و ئینگلیزییەکان ئەجام درا. لە وڵاتانی کەنداو و مەلیک نشین، ئیسلامی سیاسی لە قەوارەی وەهابیگەریدا تەواوی جمگەکانی دەسەڵاتیان تەنییەوە. سەرهەڵدانی بیرۆکەی ئیخوانگەری بزاوی ئیسلامی تا ڕادەیەک لە ئاست دنیای سیکولار و غەیرە دینیدا ئاشت کردەوە و بە ڕواڵەت دەرگای فتوای جیهادی بچوک کە شەڕە لە گەل کوفر، داخست.

ڕەوتی شێعەگەری لەو بڕگە زەمەنییەدا خۆی لە هەموو توندوتیژییەکی مەزهەبی لە ئاستی بەربڵاودا پاراست و هەروەها لە ئەزموونی ڕەوتە سوننەکان بە تایبەت ئیخوانەکان کەڵکی وەرگرت. ڕاپەڕینی ١٩٧٩لە ئێران دەرەتانی بۆ سەرهەڵدان و خۆدەرخستنی شێعەگەری فەراهەم کرد. سیاسەتی بلوکی ڕۆژئاوا لەو چاخەدا کە هێشتا گەرمەی شەڕی سارد بوو لە ڕاستای سەرهەڵدانی دەسەڵاتێکی ئیسلامی لە ئێران و لە بن پاڵی یەکیەتی سۆڤیەتدا بوو. سیاسەتی مەزهەبی خومەینی لەوە گەورەتر بوو کە دنیای ڕۆژئاوا بیری لێ دەکردەوە. خومەینی بێجگە لە ڕاچڵەکاندنی شێعەی وڵاتانی ئیسلامی پرۆژەی ناردنە دەرەوەی شۆڕشی هێنایە ئاراوە. شەڕی هەشت ساڵە ماوەیەک ئەو ڕەوتەی وەستاند . سەرهەڵدانی کۆماری ئیسلامی ورەی بەخشی بە ڕەوتە ئیسلامییەکان. عەرەبستان لەو سەروبەندەدا فرۆشی نەوتی لە گەڵ ئەمریکا وەستاند، بزوتنەوە ئیسلامییەکانی فەلەستین لە دژی ئیسرائیل چالاکتر بوونەوە و ...هتد.

کۆماری ئیسلامی لە دوای شەڕی عێراق بە هەموو هێزێکەوە کەوتە جێبەجێ کردنی پلانەکان.

کەشوهەوای ئاڵۆز و شەڕ وناکۆکی ناوخۆیی وڵاتان باشترین دەرەتانە بۆ چالاکییەکانی کۆماری ئیسلامی. ڕەوتی شێعەگەری لە وڵاتانی ئیسلامی کە دەسەڵات لائیک بێ یا زۆرینە سوننە بێت، مەترسی و دڵەڕاوکێی بۆ ئەو وڵاتە فەراهەم کردووە. شێعەکان لە جیهانی ئیسلامدا کەمینەن و بە سەرهەندێک وڵاتدا دابەش بووە. ناکۆکی ناوخۆیی شێعەکان بە زۆری لە عێراقە و هۆکارەکەشی گواستنەوەی مەرجەعیەت بوو بۆ قوم لە ساڵی ١٣٤٢ی هەتاویدا.

ئێران لەگەڵ هەموو شێعەکان لە جیهان پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی لە چوارچێوەی ڕەوت و حیزبدا هەیە. ڕێکخستنی شێعەکان و ڕادیکاڵ بوونەوەیان، سوننەکانیشی توندوتۆڵتر لە جاران هێنایە سەر هێڵ. کۆماری ئیسلامی بە شێعەکانەوە نەوەستاوە و لە گەڵ ڕەوتگەلی سوننەش پێوەندی ناتەندرووستی بۆ دنەدان و ناکۆکی نانەوە هەیە. لە هەمووی گرنگتر کۆماری ئیسلامی پێوەندی چڕوپڕ و ڕاستەوخۆی لەگەڵ ڕەوتگەلی جیهادی و تیرۆریستی سوننە هەیە. مەبەستی ئێران لەو پێوەندییە و کونترۆڵکردنی مەسیری چالاکییەکانیان بریتییە لە

*خراپکردن و خراپ نیشاندانی ڕواڵەتی ئیسلامی سوننە لای بیروڕای گشتی جیهانی و ناوخۆ

*درێژەدان بە نائارامی و شەڕ لە ناوچەکە و کەڵکوەرگرتن لەو دۆخە بۆ بە ئەنجام گەیاندنی پرۆژە ئەتومییەکان .

*ئیسلامی جیهادی سوننە باشترین فاکتە بۆ یەکخستن و یەکڕیزکردنەوەی فیرقە جیاواز و دژ بە یەکەکانی شێعە لە دەوری کۆماری ئیسلامی.

فیرقە شێعەکان لە یەمەن لە ترسی عەرەبستان و داعش پەنایان بردە ئێران. کۆماری ئیسلامی وەکوو تەختەی شەترەنج لە جێبەجێ کردنی مەسیر و یاری بە ڕەوتە ئیسلامییەکان لە ناوچەکە یاری دەکا. زۆر جار بۆ هەڵگیرسانی شەڕ و مەزڵووم نمایی و ... لە بەرەی شێعە مایە دادنێ. زۆرجار لە ناوخۆی ئێرانیشدا بۆ درووستکردنی کەشوهەوای ترس و تۆقاندن کاری تیرۆر و تەقانەوە بە گروپە سوننەکان دەکا.

ئێران لە کاتی هێرشی ئەمریکا بۆ ئەلقاعیدە لە تەوێڵە و بیارە بە ئاشکرا و لە پێش چاوی خەڵکدا پەنای دایە پاشماوەکانی ئەو گروپە لە دزڵی و پاوە. ئێران پێوەندی ڕاستەوخۆی لە گەڵ ڕەوتە ئیسلامییەکانی عێراق و باشووری کوردستان هەیە. داعش لە ناوەڕۆک و بەرنامەدا دژی شێعەگەرییە، ئەوەش لە حاڵێکدایە کە لە ناوخۆی ئێراندا هیچ ئاڵۆزییەکی فەراهەم نەکردووە. بەرهەمی چالاکی و توندوتیژییەکانی داعش لە ناوچەکە بە زۆری دەچێتە گیرفانی کۆماری ئیسلامی.

کۆماری ئیسلامی لە دژی ئەمریکا لەگەڵ بلوکی ڕۆژهەڵات خۆی یەکخست و دروشمی ( نە شرقی نە غربی ) خستە زبڵدانەوە.

لۆبیگەری کۆماری ئیسلامی گەیشتۆتە ناو زۆربەی کۆڕ و کۆمەڵ و ڕێکخراوە ناوچەیی و جیهانییەکان. زۆرجار لە هەڵوێست و چالاکییە ناوچەییەکان بەو ئاقارەدا دەچێ کە کۆماری ئیسلامی دەیخوازێ.

کۆماری ئیسلامی قەت مەبەستی گەشەی ئیسلام نییە چوونکە هەر لە وڵاتەکەی خۆی بە ملیۆنان شێعەی تووشی برسییەتی، نەداری و ئیعتیاد کردووە. بۆ لە ناوبردنی کۆماری ئیسلامی پێویستە لە سەرەتادا پەلوپۆکانی لە ناوچەکە وشک بکرێ و بە ئیرادەیەکی نێونەتەوەیی هەنگاو بۆ لەناوبردنی هەڵگیرێتەوە.

# ئورمیەی ستەم لێکراو بە هیوای کوردستانی ئازاد

ئەلبورز ڕۆئین تەن



ئورمیە خاوەنی مێژوویەکی درێژی ستەمی دەوڵەتی داگیرکارییە، ئەو ستەمە خۆی لە هەموو جۆرەکانی واتە لە کۆمەڵکوژییەوە بگرە تا دەگاتە ڕاگواستنی کورد، لە بە ئازەری کردن تا لە پەراوێزخستنی کورد دەبینێتەوە، ئەو ستەمە بە ئەندازەیەک بووە کە تەنانەت کوردستانی بوونییەکەیان خستۆتە ژێر پرسیار لە کاتێکدا بەڵگە مێژووییەکان خاکی کوردستان بە باشی نیشان دەدەن. هەر بەو هۆیەشەوە لە مێژوودا کەم ئارامی بە خۆیەوە بینیوە چونکە بەردەوام کورد تووشی سیاسەتی ڕەدکردنەوە و دەرکردن و پەراوێزخستن بۆتەوە. ناکرێت لە وڵاتێکدا دانیشتووە سەرەکییەکەی وەلا بنێی و چاوەڕوانی ئارامی لەو وڵاتەش بکەی. ئەو بابەتە لە شۆڕشی دمدم دا تا دەگاتە شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی زۆر بە باشی دەبینرێت. ئەگەر کورد لە ئورمیە بە خواستەکانی نەگات لە داهاتووشدا ئەو ئارامیە بەخۆیەوە نابینێ چونکە ناکرێ خاوەن ماڵ پەراوێز بخرێت یا بێ بەش بکرێت.

ئێستا دوای ٤٠ ساڵ لە شۆڕشی گەلانی ئێران ئورمیە لە هەموو کاتێک زیاتر چاوەڕوانی گۆڕانکارییەک دەکات کە بەپێچەوانەی ئەو ڕەوتەی مێژوو، ئاسایی ببێتەوە ڕووی گەشە و ئارامی بەخۆی ببینێت، خاڵی جەوهەری ئەو ئاسایی بوونەوە و پێشکەوتنەش بە پاراستنی ڕووی کوردستانی پەرەپێدانی کولتوری پێکەوە ژیان و ئاشتی دێتە دی، ئەو بابەتەش لە کوردستانی ئازاددا چاوەڕوان دەکرێت. هەر بۆیە چاوەڕوانی ئورمیە لە کوردستانی ئازاد و خەباتکارانی کوردستانی ئازاد زیاتر لە هەموو شارێکی دیکەیە. هەر ئەوەش وا دەخوازێ کە ئێمە خەباتکارانی ئازادی خاوەنی بەرنامەی ڕوون و ستراتیژییەکی لە پێش دیاریکراو و هێزی جێبەجێ کردنی ئەو ستراتیژییە بین تا ئەو چاوەڕوانییە بە حەقەی ئورمیە بێتە دی، بەڵام ئەم بابەتە کارێکی ئاسان نییە چونکە دوژمن بە هەموو شێوەیەک بە درێژایی مێژوو بە تایبەتی لە چل ساڵی ڕابردوودا هەوڵی دروست کردنی درز لە نێوان دوو پێکهاتەی سەرەکی ئازەری و کوردی داوە هەر چەند لە پانتاییەکی بەرفراواندا سیاسەتی ناوەند بە نیسبەت ئازەریەکانیش زۆر باش نەبووە بەڵام لە ورمێ بە حوکمی شیعە بوونی ئازەرییەکان و کەڵک وەرگرتنی ناوەند لە ئیدۆلۆژی شیعە وایکردووە ئەوان نزیکتر لە خۆی بزانێت و لە ڕێگەی ئەوانەوە دەست بە سەر هەموو دامودەزگای دەوڵەتی لە ئورمیەدا بگرێت و کەلتوری دژایەتی کورد و ئازەری زۆر بە توندی پەرە پێ بدات.

حەسەنی ئیمام جومعەی پێشووی ئورمیە و نادر قازی پوور کە ئێستا بەناو نوێنەری ئورمیە لە مەجلیسی ڕێژیمدایە دوو نمونەی هەوڵی دوژمن بۆ پەرەپێدانی ئەو کەلتورەیە، واتە ئەو کەسانە گەورە دەکرێن و دەسەڵاتی شاریان پێ دەدرێت کە دەستیان بە خوێنی کورد سورە، بۆ ئەوەی هەستی دژایەتی لە نێوان کورد و ئازەری دا بە زیندووی بهێڵێتەوە بۆ ئەوەی بتوانێ بە تێچوویەکی کەمتر حوکمی خۆی بەردەوام بکات. هەر بۆیەش لە هەنگاوی یەکەمدا سیاسەتی کورد و خەباتکارانی ئازادی و نرخە مرۆڤایەتییەکان دەبێ دەنگی خۆیان بە ئازەرییەکان بگەیەنن و ئەو ئەسڵەی کە بە پاراستنی کوردستانی بوونی ئورمیە دەتوانرێ ئارامی و پێکەوە ژیان بگەڕێندرێتەوە بۆ ئورمیە شی بکرێتەوە. هەنگاوی دووهەم هەبوونی فاکتەری هێزە لەو ناوچەیە، لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی بۆ سەپاندنی ئارامی ڕاستی و ڕووی پێشکەوتن و داهێنانی کۆمەڵگایەکی ئاشتیخواز و پێشکەوتوو بەردەوام نەیاری خۆی هەبووە، هەر کات هێزێک ویستبێتی ئەو نرخانە پەرەپێبدات تووشی نەهامەتی هاتووە، هەر بۆیە پێویستیی فاکتەری هێز لەو ناوچانە زیاتر لە شوێنەکانی دیکە بەرچاوە، بەهێزبوونی شۆڕش کە ئێستا لە ژێر ناوی ڕاساندا بەردەوامە پێویستییەکی حاشاهەڵنەگری هاتنە دی چاوەڕوانی ئورمیە بۆ نەهێشتنی ستەم لە کوردستانی ئازادی داهاتوودایە.

هەبوونی هێزێکی وا لە ناوچەیەک کە مێژووەکەی ئاوێتەی شۆڕشەکانی نەتەوەیی کورد لە شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵای نەهری و سمکۆی قارەمان و ئامادەی هۆزەکانی ئەو ناوچەیە لە کۆماری کوردستان دا تا دواتر لە ئامادەبوونێکی بەهێز لە چوارچێوەی ڕێکخراوێکی نەتەوەی وەک حیزبی دێموکراتدا زۆر بە باشی بەدی دەکرێت، ئەستەم نییە. ئێستا لە ڕاساندا دەبێ بە هەست کردن بەو پۆتانسیەلە بەهێزە ڕێکخستن و پەیامی ڕاسان باشتر ببرێتە ئەو ناوچانە تا بتوانین بە ڕێکخستنی ئەو هێزە، هێزی پێویست بۆ دابینکردنی داهاتووی ئازادی ئورمیە و کوردستان زیاتر لە هەموو کاتێک دابین بکەی. بەو شێوەیە دەتوانین خزمەتێکی وا بە ئورمیە بکەین کە مێژووی ستەم تێیدا دووبارە نەبێتەوە و دانیشتوانی ئەو خاکە پیرۆزەی کوردستان بە هەموو ڕەنگەکانیەوە بتوانن ژیانێکی ئارام و ئازادیان هەبێت. ئێستا پرسیار لێرەدا دروست دەبێت چۆن دەبینە خاوەنی ئەو بەرنامەیە و هێزی جێبەجێ کردنی ئەو بەرنامەیە بە تایبەتی وەک بەشێک لە ڕاسان بۆ ئەوەی بتوانین ئەو داهاتوویە بۆ ئورمیە و هەموو ئەو ناوچە کوردستانیانەی کە ئەو تایبەتمەندییان هەیە بەدی بێنین.

بێ گومان ئەوە پێویستی بە هەوڵ و ماندووبوونێکی هەموو لایەکمان هەیە بە تایبەت لە ڕێکخراوێکی نەتەوەیی دێموکراتیکی وەک حیزبی دێموکرات دا زیاتر هەست بەو ستەمە نەتەوەییە لەو ناوچەیە دەکات دارشتنی ستراتیژیەک بە لە بەر چاوگرتنی تایبەتمەندییەکانی ئەو ناوچەیە ئەستەم نابێت، ئێمە لە حیزبی دێموکرات وەک ڕێبەرایەتی هەموومان لە هەر ناوچەیەک بین بە هەمان ئەندازە خۆمان لە بست بە بستی خاکی کوردستان لە باشوریترین ناوچەی زاگرۆس تا باکور و ئاراڕاتی سەربەرز بەرپرسیار دەزانین و کاری بۆ دەکەین و بەرەوپێشبردنی ڕاسان لەو ناوچانەش دەبێ بە ڕەچاوکردنی ئەو تایبەتمەندییانە بەرەو پێش ببەین.

ئەو هەست پێکردنە بە گرنگی و تایبەتمەندی ناوچەی لەو شێوەیە بنەمای هەنگاونان لەو ڕێگەدایە. هەنگاونان لەو ئاراستەیەشدا دەتوانێ پیرۆزترین ئەرکی داینەمۆی شۆڕش و خەبات واتە ڕاسان لە ئێستادا بێت تا چاوەڕوانی بە حەقی ئورمیەی ستەملێکراو بۆ هەڵمژینی هەناسەی سەربەستی لە کوردستانی ئازاددا بەدی بێت.

# نا بۆ لە سێدارەدانی هیدایەت عەبدوڵلاپوور

عەبدولڕەحمان ڕەسووڵ



ئەرکێکی مرۆڤایەتییە کە هەموو لایەک وێڕای هەبوونی هەر جیاوازییەک لە دژی جێبەجێکردنی ڕۆژانەی یاسای دژە ئینسانی لەسێدارەدان و لە سێدارەدانی ڕۆژانەی گەنجان و لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەڵوێستی ڕاشکاوانەی هەبێت، لە سەر ئێمەی مرۆڤ پێویستە ڕاشکاوانە بەبێ ترس داکۆکی لە مرۆڤ بوون و ژیانێکی ئازاد بۆ هەمووان بەبێ جیاوازی بکەین .

خۆشەویستان هاودەنگ و هاوپشتیوان بن لەگەڵ سیروان و کوردستان، منداڵە جوانەکانی هیدایەت عەبدوڵاپوور کە داوای هەڵوەشاندنەوەی حوکمی دژە کوردانەی ئێعدامی باوکیان دەکەن.

نەک بە تەنها بۆ ئەم تێکۆشەرە ئازادیخوازە بەڵکوو بۆ پشتیوانی لە سەرجەم تێکۆشەرانی ئازادیخواز کە لە قۆناغی ئێستادا لە ناو زیندانەکانی کۆماری کۆنەپەرستی ئیسلامیی ئێراندا زۆر بە داخەوە چاوەڕوانی جێبەجێکردنی حوکمی دژە مرۆڤایەتی لە سێدارەدان دەکەن، بەڵام ئەگەر ئێمەی ئازادیخوازانی کورد لە هەر سوچ و شوێنێکی ئەم جیهانەین یەکگرتوو بین و تێکۆشانی هاوبەش گەشە پێبدەین بە دڵنیاییەوە سەردەکەوین ناهێڵین چیتر ئەو تێکۆشەرانە لە سێدارە بدرێن، خەڵکی کوردستان زووتر دەگات بە ئازادی و مافەکانی .

تکایە با هەنگاوی یەکگرتوانەی بەهێز بۆ پشتیوانی هیدایەت عەبدوڵاپوور و بنەماڵەکەی بە هەر جۆرێک بۆمان دەکرێت بە گەڕ بخەین.

بە گوێرەی ئەو زانیارییانەی کە تایبەت بەم تێکۆشەرە لە ڕاگەیاندنەکاندا بڵاوکراوەتەوە هیدایەت عەبدوڵاپوور، زیندانی سیاسی کوردی مەحکووم بە ئێعدام لە زیندانی ناوەندی ئێران لە ورمێ لە ڕێکەوتی ٢٦ی جۆزەردانی ١٣٩٥ هاوڕێ لەگەڵ لانیکەم ٦کەسی دیکە لە گوندی "قەرەسەقەڵ"ی سەربە شاری شنۆ دەسبەسەرکرا.

ئەم ٦ کەسە دەسبەسەرکراوە تۆمەتباربوون بەوەی کە لە تێکهەڵچوونی سپای پاسداران لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، خۆراک و شوێنی حەسانەوەیان بە ئەندامانی ئەو حیزبە داوە. هیدایەت تەنیا کەسێکە لەم گرووپە کە بە سکاڵای سپای پاسداران و دەنگی لقی یەکی دادگای شۆڕشی ئیسلامی لە ورمێ، بەتۆمەتی "بەغی" ئێعدامی بەسەردا سەپێنرا. بە گوێرەی ڕێکخراوەکانی تایبەتمەند بە بەرگری کار لە مافەکانی مرۆڤ و کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کوردستان لە ڕاگەیاندنێکدا بڵاوی کردۆتەوە کە

ئەم حوکمە جارێک لە لایەن لقی ٤٧ی دیوانی باڵای وڵات بەرپەرچ درایەوە و بۆ پێداچوونەوەی سەرلەنوێ نێردرا بۆ لقی دووی دادگای شۆڕشی ئیسلامی لە ورمێ. هیدایەت عەبدوڵاپوور لەم لقەیش بە ئێعدام مەحکووم کرا و لەکۆتاییدا ئەم حوکمە ڕۆژی ١٧ی ڕەزبەری ١٣٩٧ لە لقی ٤٧ی دیوانی باڵای وڵات پەسەند و پشتڕاست کرایەوە.

تکایە تکایە تکایە! بە هاوبەشی و یەکگرتووانەی بەهێزەوە وەرنە مەیدان و دەنگ بەرز بکەنەوە و نەفرەت لە جێبەجێکردنی یاسای لەسێدارەدان بکەن، شەقامەکانی شارەکان پڕ کەن لە دەنگی لە دژی جێبەجێکردنی یاسای دژی ئینسانی لە سێدارەدان کە ڕۆژانە گەنجان و لاوان سەریان لە لاشەیان جیا دەکرێتەوە و بە پەتی سێدارە کۆتایی بە ژیانیان دەهێنن لەلایەن ئاخوندەکانی سیستمیی ئیسلامیی ئێران .ئەو مرۆڤانەی کە بەردەوام لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران لە سێدارە دەدرێن زۆرینەیان کوردن و بە هۆی ئازادیخوازی و بەرگری کردن لە مافەکانی خەڵکی کوردستانەوە خراونەتە زیندانەکانەوە هەر یەکەیان تێکۆشەر و سەرمایەکی زۆر بەنرخی کوردستانە بۆیە پێویستە بە تێکۆشانی یەکگرتووانەی هاوبەش لە دژی بەردەوام بوونی جێبەجێ کردنی یاسای دژە بەشەری لە سێدارەدان جیهانی مرۆڤایەتی بەخەبەر بێنین بۆ پشتیوانی کردنی بەدیهێنانی ماف و ئازادییەکانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

# مانگرتن و داخوازیی ڕاستەقینەی مامۆستایان لە ئێران و کوردستان



حەسەن ساڵحزادە

ڕۆژانی ٢٢ و ٢٣ی ڕەزبەر، بە پێی ڕاگەیەندراوێک کە پێشتر لە لایەن شورای هاوئاهەنگی پێکهاتە پیشەییەکان بڵاو کرایەوە، مامۆستایان مانگرتنێکی سەراسەرییان لە ئێران ڕێک خست. لەودا داواکرابوو کە مامۆستایان بچنەوە بۆ قوتابخانە بەڵام لە چوون بۆ سەر کلاس خۆیان ببوێرن. ئەو هاندەرە سەرەکییانەی کە مامۆستایانی بۆ لای مانگرتن ڕادەکێشا بە گشتی بریتی بوون لە ناڕەزایەتی بە دابەزینی نرخی مووچەی مامۆستایان، بێزاری لە چڕکردنەوەی فەزای ئەمنیەتی پەروەردە، داوای سنووردارکردنی سەرەڕۆیی مودیران و هەروەها داوای چارەسەری ئاستی نزمی چۆنیەتی پەروەردەی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی.

وەک لە ڕاگەیەنەکاندا بینرا، پانتایی مانگرتنی ئەم قۆناخە نوێیەی مامۆستایان زۆربەی ناوچەکانی ئێرانی بە لەبەرچاوگرتنی ڕێژەی کەم و زۆری لەخۆ گرت، بەڵام بەشداری چالاکانەی مامۆستایان لە شارەکانی کوردستان بە تایبەتی لە پارێزگاکانی سنە و کرماشان لە بەرزترین لوتکەدا خۆیان بینییەوە. بزووتنەوەی ناڕەزایەتی مامۆستایان ئەمجارە لە حاڵێکدا دەستی پێکرد کە کەشوهەوای خەفەقان و سەرکوتی بزووتنەوە مەدەنی و سیاسییەکان زۆر لە جاران مەترسیدارترە. هەڵبەت گوشارەکان لە شارەکانی کوردستان زۆر ئامانجدارتر و بێ ڕەحمانەترن.

بە گشتی، وەک لە دروشم و لە پلاکارتی دەستی مامۆستاکاندا دەردەکەوت، زۆربەیان خوازیاری گۆڕانکاری بنەڕەتی لە سیستمی فێرکارین. ئەوان لە سەر ئەو باوڕەن کە دەزگای ئەمڕۆکەی پەروەردەی ئێران لە کەڵک کەوتووە و لەهەمبەر دەستەبەربوونی ویستی ڕاستەقینەی کۆمەڵگەی ئێران و داخوازی ڕەوای مامۆستایان بێ وەڵام ماوەتەوە بۆیە پێویستە کە هەرچی زووتر ئەم دەزگایە نۆژەن بکرێتەوە و لە گەڵ پێوەرە جیهانییەکانی بواری پەروەردە خۆی بگونجێنێ.

لەم قۆناخە لە مانگرتن و ناڕەزایەتییەکاندا میدیاکانی ئێران کە زۆربەیان لە لایەن دەسەڵاتەوە قۆرخ کراون و تا ڕادەی نێزیک بە تەواو لە ژێر کارتێکەری ناوەندەکانی ئەمنیەتدا دەجووڵێنەوە، وەک هەمیشە هەوڵی بەلاڕێدابردنی داخوازییە سەرەکییەکانی سەندیکاکانیان دا و هەوڵیان دا کە داواکانی بزووتنەوەی مامۆستایان لە مووچە و چارەسەری بژیوی ژیان کورت بکەنەوە بەڵام شتێکی ڕوونە کە داخوازی ڕاستەقینەی یەکیەتییە پیشەییەکانی مامۆستایان زۆر لەوە بەرینترن کە بەم شێوە سنووردار بکرێن.

دیارە کە پانتایی چالاکی مامۆستایان زۆر بەربڵاوە و ڕاپۆرتی ویستەکانیان لە چەندین ناوەندی پیشەیی و پێهکاتەی سینفییەوە بڵاو دبنەوە. ئەو ویستانەی کە لە نووسراوەی ناو دەستی چالاکانی مانگرتنەکەدا بەرچاو دەکەوتن یان بە بە شێوازی جۆراوجۆر لێدوانیان لە سەر دەدرا بەم جۆرەی خوارەوە دابەش دەکرێن:

- ئێمە خوازیاری فەزای ئامووزشی گونجاو بۆ قوتابیانین و داواکارین ئیمکاناتیان بە پێی ئیستانداردی ڕۆژ بۆ دابین بکرێ, لە سەر ئەو باوەڕەین کە لەژێرپێنانی ئەم مافە زیانێکی قەرەبوونەکراوەیان لە داهاتوودا پێ دەگەیەنێت.

- ئێمە خوازیاری گۆڕان لە نیزامی گوزینشی بێکەڵکی هەنووکەیی بۆ دامەزرانی مامۆستاین و دەبێ بنەمای گوزینش تەنها زانست لە خۆ بگرێ.

- ئێمە داواکاری کۆتایی هێنان بە فەزای ئەمنیەت و دایرەی حەراسەتی ناوەندەکانی پەروەردەین و هاوکات خوازیاری ئازادی بێ مەرجی مامۆستایانی زیندانی و تەبعیدکراومانین، هەوەها هەر چەشنە تۆمەت و حوکمی تەنبێ کردنی مامۆستایان مەحکوم دەکەین.

- ئێمە خوازیاری بەڕێوەچوونی ئەسڵی ١٥ی یاسای بنەڕەتی دەستووری ئێرانین, بەو مانایەی کە فێرکردن و خوێندن بە زمانی دایکی دەست پێ بکات و لە قوتابخانەکاندا ئەو مافە بۆ منداڵان ڕەچاو بکرێ.

- ئێمە داواکاری بەڕێوەچوونی ئەسڵی ٣٠ی یاسای بنەڕەتین کە لەودا ئاماژە بە خۆڕایی بوونی پرسی خوێندن بۆ تێکڕای منداڵان تا قۆناخی دواناوەندی کراوە.

- ئێمە داواکاری بەڕێوەچوونی سیستمێکی عادڵانەی فێرکاری لە ناو دەزگای پەروەردەین کە بە جۆرێک کە لەودا مافی قوتابیانی کچ پارێزراو بێ و ئاوڕی جیددی لە پرسی خوێندن لە ناوچە بێبەش کراوەکان بدرێتەوە. دادپەروەری فێرکاری کاتێک دەستەبەر دەبێ کە هەموو منداڵانی ناوچە جۆراوجۆرەکانی ئێران شانسی یەکسانیان لە مەیدانە کێبەرکێکاندا لە بەردەم دابێ.

- پەرەپێدانی دیاردەی بازرگانی کردن بە پرسی فێرکاری کۆتایی پێ بێت، ئەویش کاتێک جێبەجێ دەبێ کە دەزگای پەروەردە دیاردەی نالەباری کەرتی تایبەتی سنووردار بکات و ئاڵتێرناتێڤێکی شیاو بۆ مەسەلەی پێچەڵاوپێچی کۆنکوور بدۆزێتەوە.

- ئێمە سەرەڕای مەحکوم کردنی بێدەنگیی میدیا و چاپەمەنییەکان سەبارەت بە کاردانەوەی بە ناڕەزایەتییەکانی مامۆستایان، مافی وتووێژ بۆ چالاکانی پیشەیی بە ڕەوا دەزانین.

- ئێمە داخوازی بە کردەیی کردنی یاسای نیزامی هاوئاهەنگی مووچەی مامۆستایانین هەتاکوو لە گەڵ هی کارمەندانی دیکەی دەوڵەت هاوتەراز بێ. داواکارین کە بەرپرسانی ڕدەباڵا بە تاوانی بەڵێنە درۆییەکانیان سەبارەت بە کۆمەڵگای فەرهەنگی و یاری کردن بە بیروڕای گشتی لێپرسینەوەیان لێ بکرێ.

هەر وەك ئاماژەیان پێ درا، ویست و داوای مامۆستایان مافێکی ڕەوان و بۆ دەستەبەربوونیان ڕێگەیەکەی عەقلانی، ئارام و بە بڕشتیان گرتۆتە بەر. هەروەها مامۆستایان لە ڕێگەی شووڕای هاوئاهەنگی یەکیەتییەکانیانەوە ڕوو لە بەرپرسانی دەسەڵات و هێزە سەرکوتکەرەکان هوشداری دەدەن کە بە توندوتیژی ڕووبەڕووی ویستی ڕەوای ئەوان نەبنەوە، چونکوو مامۆستایان لە مێژە ئەزموونی زیندان و ئەشکەنجەیان لە ناو زیندانەکاندا تاقی کردۆتەوە. لە درێژەدا وەبیر بەرپرسانی دێننەوە کە گوێبیستی داخوازییەکانیان بن و پێیان ڕادەگەیەنن کە یەکیەتییەکانیان بۆ دەستراگەیشتن بە ماف و داواکارییەکانیان هیچ ڕێگەیەکیان بۆ نەماوەتەوە بۆیە ناچارن بەمجۆرە ناڕەزایەتی خۆیان دەربڕن.

جێی ئاماژەیە کە لە درێژەی ڕەوتی ناڕەزایەتییە پیشەییەکانی مامۆستایاندا، بەشێکی بەرچاو لە چالاکوانان ڕووبەڕووی کۆسپ و تەگەرەگەلێکی ناڕەوا بوونەتەوە کە لە دەزگا ئەمنیەتییەکانی پارێزەری ڕێژیمی کۆنەپەرەستی بۆیان داناون. سەرەڕای سەرکوت و زەبروزەنگ، لە لایەکی ترەوە بەرپرسان بە بەدەستەوەگرتنی بڵیندگۆ تەبلیغاتییەکانیان هەوڵی زۆریان داوە کە ئاستی داوای ئەم حەرەکەتە و ئامانجەکانی ئەنجومەنە پیشەییەکان بۆ مەسەلەی مادیات و مەسەلەی زیادکردنی مووچە دابەزێنن بەڵام لە ڕاستیدا هەوڵ و تێکۆشانی سەرەکی مامۆستایان سەقامگیریی دەزگایەکی پەروەردەی سەردەمیانە و عادڵانەیە کە لە سێبەری ئەودا کۆمەڵگە بتوانێ هەست بە ئارامی و بوونی دادپەروەری بکات.

ئەو خاڵانەی کە لە سەرەوە ئاماژەیان پێدرا، بە شێوەیەکی گشتی دەکرێ وەک خەمی مامۆستایانی کوردستانیش دایان بنێین، بەڵام مامۆستایانی کوردستان جیا لەمانە کۆمەڵێک نیگەرانی و داخوازی تایبەت بە خۆشیان هەیە کە هۆکارەکانیان بۆ پرسی جیاوازی کولتووری و شوناسی نەتەوەیی گەلە بەشخوراو و ستەملێکراوەکەیان دەگەڕێتەوە؛ بۆ وێنە، ناوەڕۆکی کتێبە دەرسییەکان بە گشتی لە گەڵ تایبەتمەندییەکانی منداڵانی کورد ناتەبان، کوردەکان بەشداری بەڕێوەبەرییە باڵاکانی دەزگای پەروەردە نین و دەنگی ویستی کۆمەڵگەی کورد بە ناوەندەکانی دەسەڵات ناگا. مووچە و ئیمکانات بە گوێرەی پێویست دابەش ناکرێ و ناوچە بێبەشکراوەکان زیاتر لە ناوەند مەترسیان لە سەرە.

هەڵبڕینی دەنگی ناڕەزایەتی مامۆستایانی کوردستان، بۆ دەسەڵاتدارانی تاران زۆر مەترسیدارە. ئەوان پێیان وایە کە ئەم جۆرە ئێعترازانە ڕەنگە بتوانێ خەڵکی کورد لەمەڕ داوای مافەکانیان وشیار بکاتەوە هەر بۆیە ڕێژیم داوای مامۆستایانی کورد وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر دەسەڵاتە زاڵمانەکەیان دێننە ئەژمار و دەزگاکانی سەرکوت بە توندترین شێوە ڕووبەڕوویان دەبنەوە. یەکیەتی پیشەیی مامۆستایان لە شارەکانی کوردستان بەردەوام پێداگریان لە داوای مافی ڕەوای گەلەکەیان لە ڕێگەی سیستمی فێرکارییەوە کردووە و بۆ ئەو ئامانجەش هەزینەی زۆری وەک زیندان، تەبعید، دەرکران و تەنانەت ئێعدامیشیان داوە کە تا ئێستاشی لە گەڵ بێ هەر بەردەوامە. مامۆستایانی مافخواز و دڵسۆزی کوردستان، لە دوایین مانگرتنی سەرانسەری و لە ناو دڵی قوتابخانەکاندا بە بەرزکردنەوەی ویستی ڕاستەقینەی گەلەکەیان بۆ جارێکی دیکە سەلماندیان کە باری قورسی ویستی منداڵانی کۆمەڵگەی کوردستانیان لە سەر شانە و وەکوو داوا سەرەکییەکانی خۆیان بەرگری لێ دەکەن. ئەوەی کە هەر ئێستا لە شارەکانی کوردستان چەندین مامۆستا لە زیندان و لە ژێر لێپێچینەوەدان یان دۆسیەی کراوەیان هەیە سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن.

ئەوەی ڕاست بێ لە ڕەوتی پەروەردەدا مامۆستا وەک بەشێکی هەرە کاریگەری پڕۆسەی فێرکاری دێتە ئەژمار و قوتابخانە بە بێ مامۆستا هیچ مانایەکی نییە. ئەگەر بە مامۆستا دەرەتان بدرێ و هەلی چالاکی و کۆڕ و کۆبوونەوەی تایبەتی بۆ بڕەخسێ، دەتوانێ گۆڕانکاری بنەڕەتی لە ناو گەلەکەی دا بخولقێنێ. جێگەو پێگەی مامۆستایان لە ئاست ڕووداو و پرسە هەستیارەکانی ڕۆژ بە ڕادەی کاریگەری ئەوان لە ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ڕادەی بەشدارییان لە بزووتنەوە گشتییەکاندا گرێ دراوە. چالاکی کۆمەڵایەتی وڵاتان بە مەبەستی گۆڕانکاری، پێشاندەری گەشەی فەرهەنگییە و لە گەڵ توێژی مامۆستا پێوەندی ڕاستەوخۆی هەیە. مافی ڕێکخراوەیی مامۆستایان لانیکەم لە ئاست چالاکی پیشەیی خۆیاندا سەرەتاییترین مافی یاسایی و بێ ئەملاوئەولایە. حکومەتە دێموکراتیکەکان پێیان وایە کە ڕێگەدان بە پێکهاتنی ڕێکخراوەی پیشەیی هەر توێژێک دەرفەتی گەشەی کۆمەڵایەتی دەخولقێنێ و دەبێ زەمینەی بۆ خۆش بکردرێ هەتا بتوانن داخوازی و بۆچوونەکانیان بە گوێی کۆمەڵگا بگەیەنن.

لە بەرانبەردا ئەوەی دەیبینین، سیستمی پەروەردەی کۆماری ئیسلامی ئێران بە پارێز و لە ڕوانگەی ئەمنییەتەوە بۆ مافی مەدەنی و ڕێکخراوەیی چینەکانی کۆمەڵگەی ئێران و یەک لەوان مامۆستایان و قوتابیان دەڕوانێ و بۆ ئەم مەبەستەش سیاسەتی بانێک و چەند هەوا یان دوو ڕوویانەی گرتۆتە بەر. بەرپرسانی ڕەدەباڵای بواری پەروەردە دەیانهەوێ بە ئاماژەی ڕواڵەتی بە مافی پێکهاتەی پیشەیی، هەوڵی چاوبەستنی ناوەند و چاودێرە جیهانییەکان بدەن و ڕووی ڕاستەقینەی ڕاستییەکان داپۆشن. ئەگەرچی مەسەلەی مافی مەدەنی و پێکهاتەی پیشەیی لە کتێبە دەرسییەکانی ئێران دا بە کورتی ئاماژەیان پێکراوە، بەڵام لە ڕوانگەی دەزگای پەروەردەی نیزامی ئیسلامی ئێرانەوە ڕێکخراوە و پێکهاتەی پیشەیی بە مەرجێک ئازادن و مافی چالاکیان هەیە، کە پاشکۆی کردەوەکانی دەسەڵات بن و بە ئاشکرا و بە چاوبەستراوی سیاسەتی ناشیانەی مودیرانی پەروەردە ستایش بکەن.

ئەزموون و ڕابردووی چەند ساڵەی حکومەتی ئیسلامی ئێران بە دروستی دەیسەلمێنن کە مافەکانی مرۆڤ لە بواری فێرکاری و پەروەردە چەندە بە ساناهی پێشێل دەکرێن. هەر جۆرە هەڵسوکەوتێکی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی مامۆستایان بە دژایەتی لە گەڵ نیزامی خوا لە قەڵەم دەدرێ و ڕووبەڕووی ئاستەنگ و لە ئاکامدا مەرگ دەبنەوە. ڕوانگەی دەسەڵات بۆ پرسی فێرکاری ڕوانگەیەکی تەواو سیاسییە، بۆ ئەم مەبەستەش هەر چەشنە جموجۆڵێکی مافخوازانەی پیشەیی و ڕێکخراوەیی مامۆستایان بە شێوەی ئامانجدار بنبڕ دەکرێن و ڕێگەی گەشەیان پێ نادرێ. حکومەتی ئیدئۆلۆژیکی کۆنەپەرەستی ئێران بە هێنانە ئارای هێماگەلێکی ناسەردەمیانە، هەوڵی داوە دروشمی خۆکوژی و شەڕەنگێزی لە ناو قوتابیان و مامۆستایان بەرز بکاتەوەو بە ئاماژە کردن بە دوژمنی خەیاڵی دەیهەوێ تۆوی وەهم و گومان لە ناو مێشکیان دا بەهێز بکا. بەرنامە و پڕۆگرامی دەرسی خوێندنگە و ناوەندە فێرکارییەکانی ژێر دەسەڵاتی ڕێژیمی ئیسلامی ئێران، بەپێچەوانەی مەعیار و پێوەرە ئەخلاقییە جیهانی و دێموکراتیکەکان، چەندین ساڵە بەردەوام هەوڵی بە لاڕێدابردنی گەشەی فکری مامۆستایان و قوتابیان دەدا و بۆ ئەم ئامانجەش لە ڕێگەی قوتابخانە و ناوەڕۆکی کتێبە دەرسییەکانەوە، بانگەشە بۆ بیری تەسکی ئەو کەسایەتی گەلە دەکرێ کە ڕاستەوخۆ لە خزمەت سیاسەتەکانی دەزگای ستەم و تاوانی حاکمییەتی پڕ لە تاوانی تاراندان.

## لوقمان مێهفەر: حیزبی دێموکرات خاوەن سەنگ و قورسایی تایبەت بەخۆیەتی و هەر ئەمەش دەیکاتە بەشێکی سەرەکی لە هاوکێشە سیاسییەکان



دواین ئاڵوگۆڕەکان لە ئێران چین؟ کۆمەڵگای جیهانی چۆن دەیهەوێ لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا بجوڵێتەوە؟ لە ئەگەری چەسپانی خولی نوێی تەحریمەکان چ گۆڕانکارییەک بۆ ئێران بە گشتی و کوردستان بەتایبەتی دێتە ئاراوە؟ ئەم گۆڕانکارییانە چەندە بە قازانجی نەتەوەکانی ئێران دەبێت؟ ئەمانە و چەند پرسیارێکی دیکەمان ئاراستەی بەڕێز "لوقمان مێهفەر" ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی ناوەندی سیاسی حیزبی دێموکرات کردووە کە لێرەدا دەخرێتە بەر دیدی ئێوەی خۆشەویست:

**دیمانە: کوردستان**

**▪ ڕەوتی ڕووداوە سیاسییەکانی ئێران بەرەو ئاڵوگۆڕێکی بنچینەیی لە حەرەکەتدایە، ئێوە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە کوێی ئەو هاوکێشانەدا جێتان گرتووە؟**

لەڕاستیدا بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی ئێراندا بە فاکتەرێکی سەرەکی لە ئاڵوگۆڕەکانی ئێران بەهەژمار دێت و لەونێوەشدا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە لە ڕابردوو و ئێستادا ڕۆڵی گرینگ و مێژویی خۆی گێڕاوە و توانیویەتی متمانەی خەڵکی کورد بەدەست بێنێ، کەواتە ئێمە لە ئێران و کوردستاندا خاوەن پێگە و قورسایی خۆمانین. ئەوەش ڕاستییەکە کە بەشێکین لە هاوکێشەی ئاڵوگۆڕ کە پێمواننییە هیچ هێزێک بتوانێ چاوپۆشی لێبکات یان حیسابی بۆ نەکات.

**▪ قۆناخی نوێی خەباتتان کە بە ڕاسانی ڕۆژهەڵات ناسراوە، وێڕای دانی نرخی زۆر، چەندە توانیویەتی ئامانجەکانی خۆی بپێکێ؟**

ڕاسان وەک پڕۆژەیەکی چەند ڕەهەندی خەباتی ئێستای حیزبەکەمان و هاوکات ئالیەتێک بۆ جۆشدانی خەبات و ڕێکخستنی سەرجەم چین و توێژەکانی کوردستان بۆ بەرینترکردنەوەی خەباتی جەماوەری و بەرجەستەکردنەوەی ورەی شۆڕشگێڕی، ڕۆڵێکی ئەرێنی و شوێندانەری لەسەر ورەی خەڵکی مافخوازی کوردستانی ئێراندا هەبووە و هەیە و خەڵکی خەباتکاری کوردستان بە ئومێدەوە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان هەنگاو دەنێن و پشت ئەستوورن بە خەباتی شار و شاخ. هەر بۆیە بە بڕوای ئێمە ڕاسان لە ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی دا ئامانجی خۆی پێکاوە.

**▪ وەک دەزانن ئێران بووەتە چەقی ئاڵوگۆڕەکان و هەر چرکە ئەگەری گۆڕانکاری قووڵ هەیە؛ پێشبینتان بۆ ئەو وەزعە چییە و پێتان وایە کە بەرەو چ ئاقارێک هەنگاو دەنێت و ئایا دەتوانین گەشبین بین کە ئاڵوگۆڕێک لە ئێراندا بە قازانجی نەتەوەکانی ئێران ودێموکراسی لە ئارادایە؟**

هەر ئاڵوگۆڕێک کە دێتە پێش سروشت و تایبەتمەندی خۆی هەیە. دەکرێ شتی نوێ لەگەڵ خۆی بێنێ و دەرگا بە ڕووی گەلانی ماف زەوتکراو و چین و توێژە ماف پێشێلکراوەکاندا بکاتەوە. بەو پێیەی کە کۆماری ئیسلامی ئێران سیستمێکی دیکتاتۆری و دژە گەلییە، بۆیە لە هەر ئاڵوگۆڕێک کە ڕوو دەدا هەناسە و پشوو و خوێنێکی نوێ بە بەر جەستەی مرۆڤی ئازادیخواز و مافویست چ بە تاک و چ بەکۆدا دەکرێ و لەو نێوەشدا نەتەوە بندەستەکان، دەرفەتیان بۆ دەڕەخسێ تا خواست و مافەکانیان بە ڕاشکاوی لە سیستمی سیاسی نوێی وڵاتدا بگونجێنن و دانیان پێدابنێن. ئەگەری ئاڵوگۆڕ لە ئێراندا لە ئێستادا بەهێزە و جگە لە فاکتەری نێوخۆیی و فاکتەرە دەرەکییەکانیش هەلومەرجی گۆڕانیان لە ئێراندا لەبارتر کردووە.

بۆیە لێرەدا گرینگە کە هێزە سیاسییەکان بەر لە ڕوودانی هەر چەشنە ئاڵوگۆڕێک گریمانەکان دەستنیشان و بژاردەکان (گوزینەکان) دیاری بکەن بۆ ئەوەی کە ڕێژیم ڕووخا بزانرێ بەرنامەی بۆ داهاتووی ئێران چییە؟ چونکە دەبێ ئەو حکومەتە بەرپرسیار بێ لە تەزمین و دابینکردنی ویست و داخوازییە نەتەوەیی و ئینسانییەکانی گەلانی ئێران. ئەمە دەبێتە مایەی ئاسایش و ئاشتی و گەشەکردنی پڕۆسەی دێموکراسی لە سەرانسەری ئێراندا.

**▪ ئێستا نارەزایەتییە نێوخۆییەکان، دۆخی ئابووری وگوشاری دەرەکی تەحریمەکان، ڕێژیمیان تەنگەتاو کردووە، ئێستا ئۆپۆزیسیۆن لەچ قۆناغێکدایە ئایا ئەو هەماهەنگییە پێویستەتان لە نێواندا هەیە کە وەکوو ئالترناتیڤ حیسابتان بۆ بکرێ؟**

ئەگەر مەبەست ئۆپۆزیسیۆنی سەرانسەری و حیزبە سیاسییەکانی ئێران بێ بەداخەوە هەتا ئێستا لەسەر پلاتفۆرمێکی هاوبەش ساغ نەبوونەتەوە و پەرشوبڵاون. لەوانەیە بە جیا هەر کام بەرنامەی خۆی هەبێ بەڵام وەک ئاڵترناتیڤێکی واقعی جارێ شتێک پێک نەهاتووە.

لەحاڵێکدا پێویست بوو ئێستا ئۆپۆزسیۆن لەسەر بنەمای چەند خاڵێکی سەرەکی وەک دێموکراسی، مافی نەتەوایەتی، هاوسەنگی، تەوافوق و مووشارکەت ساغ ببنەوە و بە بەرچاو ڕوونییەوە بۆ ڕووخانی ڕێژیم هەنگاویان هەڵگرتبا چونکە خاڵی بەهێزی ئەو ڕێژیمە هەتا ئێستا ئەوەیە کە بەدیلی نییە یانیش زۆر لاوازە.

بە بڕوای من چەندە ڕووخانی ڕێژیمی ئێران گرینگە بەو ئەندازەیەش بەدەسەڵات گەیشتنی سیستمێکی دیکە یان هاتنەسەرکاری لایەنێکی دیکە گرینگە کە لەبەرانبەر ویست و داخوازییەکانی گەلانی ئێراندا هەم بەرپرسیار و هەمیش وەڵامدەر بێ، بۆیە دەبێ لەسەر ئەم بنەمایە کار بکرێ بۆ کۆدەنگی و درووستکردنی عەقڵیەتێکی سیاسی باوەڕمەند بە مافی نەتەوەکان و دێموکراسی و ئازادیی تاک و پرسی ژنان.

ئەگەر مەبەستیش ئۆپۆزسیۆنی کورد بێت، ئەوا ویست و داخوازییەکانی ئێمە روونن و لە چوارچێوەی مافی نەتەوایەتیماندایە کە بۆ بەدەست هێنانیشی کورد هەمیشە ئامادە بووە لەگەڵ هەموو ئەو هێز و لایەنانەی کە بڕوایان بەو ئەسڵانە هەیە کە پرسی نەتەوایەتی تێدا چارەسەر دەبێ دانیشێ و ئامادەیی بۆ هەر چەشنە هاوکارییەک هەیە. لەو ڕاستایەدا ئۆپۆزیسیۆنی کورد ناوەندێکی وەک ناوەندی هاوکاری هێزە سیاسییەکانی کوردستانی پێکهێناوە؛ ئەمە لە خۆیدا هەنگاوێکی باشە بەڵام وەڵامدەری هەلومەرجی ئێستا نییە بۆیە پێویستە زیاتر و خێراتر کاری جیددی لەسەر بکرێ و بگاتە قۆناخی بەرە، ئەوکات دەتوانێ ببێتە هێزێکی شوێندانەر، چ لە ئاستی ئێران و کوردستاندا چ لە ئاستی ناوچە و نێونەتەوەییدا.

**▪ دەوترێت کە ڕەنگە بەهۆی گوشارەکانەوە، ڕێژیم دیسان بۆ فریودانی رای گشتی پەنا بۆ ئیسلاح تەڵەبان ببات و کەسانی وەک مووسەوی وکەرووبی وخاتەمی بە رواڵەت بۆ دامرکاندنی تووڕەیی خەڵک و تێپەرین لەو بونبەستە بێنێتە سەرکار، رای ئێوە؟**

دیارە ڕێژیم لە هیچ تەرفەند و تاکتیکێک بۆ مانەوەی خۆی درێغی ناکات، بەڵام بە بڕوای ئێمە سیاسەت و هەڵوێستی ڕێژیم و ناوەڕۆکی ڕیفۆرمخوازان بۆ خەڵکی ئێران و تەنانەت بۆ ڕای گشتی جیهانیش دەرکەوتووە. بوون و هاتنەسەرکاریان هیچ لە ئەسڵی نێوەڕۆکی دژی گەلییانەی کۆماری ئیسلامی ناگۆڕێ چوونکە ئەوان لە ماوەی ئەو چەند ساڵەی ڕابردوودا خۆیان تاقیکردەوە کە نەک نەبوونە مایەی ڕزگاری خەڵکی ئێران بەڵکوو بوونە مایەی نەهامەتی و درێژکردنەوەی تەمەنی نیزامی دیکتاتۆڕی.

شەڕی ئەوان لەسەر گۆڕینی ڕێژیم و بەختەوەری خەڵک نییە بەڵکوو شەڕ لەسەر دەسەڵات و شێوەی ئیدارەکردن و بەڕێوەبردنی نیزامە؛ لەڕێبەرانی ڕیفۆرمخوازان (خاتمی) تاقیکردنەوەی خۆی داوە، (موسەوی) و (کەڕوبی)ش هزر و بیریان چییە؟ موسەوی دەڵێ: "من هەمان کوڕە بەسیجییەکەی سەرەتای شۆڕشم ئەوانەی ئێستا دەسەڵاتیان بە دەستە باش عەمەلیان نەکردووە، ئەو قەتارەی ئیمام وەڕێی خستووە لە ڕێڕەوی ئەسڵی خۆی لادراوە دەبێ بێنینەوە سەر هێڵە ئەسڵیەکە".

هێلی ئەسڵی چییە؟ ئیمام دەستوری دا هەموو ئەو قەڵەمانە، ڕۆژنامە و گۆڤارانە کە باسی ئازادی دەکەن بشکێنن و دابخرێن. حیزبە سیاسییەکان لە تێکوشان قەدەغە، هەڵوەشاوە و نایاسایی ڕاگەیەندران. سەبارەت بە کوردیش فتوا بەدناوەکەی ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ی ڕاگەیاند، ئەمەیە هێڵە ئەسڵییەکەی ئیمام!!

کەڕوبی سەرۆکی مەجلیس بوو لە پلە بەرزەکانی حکومیدا بەرپرسایەتی هەبوو؛ جارێ لە جاران باسی مافی نەتەوەکان و کەمایەتییەکانی نەکرد تەنانەت ئەوەی بەڕواڵەت بۆ چەواشەکاری ڕای گشتیشیان لە یاسای بنەڕەتی ئێراندا هاتووە جارێک بە زمانیدا نەهات و باسی نەکرد؟!!

لێرەدا پرسیارێک هەیە، گەلۆ ڕیفۆرمخوازان بەو پێشینە و بیروبۆچوونەوە بێنە سەر کار و دەسەڵات بە دەستەوە بگرن موعجزە دەخوڵقێنن؟ بێگومان نا، چوونکە نە خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێران و نە ڕای گشتی ئەوە تەحەمول و قەبووڵ دەکەن. لەڕاستیشدا هیوادار بوون بە ڕیفۆرمخوازان ڕاکارێکی گونجاو نییە بۆ ڕزگاری گەلانی ئێران لە دەستی ڕێژیمێکی زۆرداری کۆنەپەرست.

**▪ لە کوردستان چ باسە؟ ڕێژیم خەریکی چ سیناریۆگەلێکە؟ چەندە ئامادەییتان هەیە بۆ بەرپەرچدانەوەیان؟ کەی پەیوست دەبن بە خۆپیشاندانەوە؟ ئەرکی خەڵک لەم پێوەندییەدا؟**

کۆمەڵانی وەزاڵەهاتووی خەڵکی کوردستان ئامادەیی تەواویان هەیە بۆ هەر جۆرە خەبات و بەربەرەکانێیەک دژی ڕێژیم؛ بۆیە دەسەڵات باش لەو ڕاستییە تێگەیشتووە کە کوردستان چ لە زەمانی ڕێژیمی پاشایەتی و چ لە سەردەمی دەسەڵاتداری ئاخوندیدا ئەڵقەی هەرە کز و لاوازی دەسەڵاتی حاکم بووە. بێگومان سیناریۆی جۆراوجۆری دەبێ بۆ ئەوەی بتوانێ کوردستان کۆنترۆڵ بکات، چونکە ترسی زۆری لە کوردستان هەیە ئەویش بە دوو هۆکار: یەکەم کوردستان خاوەنی ڕابردووی سیاسی و ئەزموونی کۆماری کوردستان و ئەزموونی سەردەمی ڕاپەڕینی گەلانی ئێرانە. لە گۆڕەپانی خەباتیشدا خاوەنی هێزی سیاسییە بۆیە هەردەم ئامادەی سەرهەڵدان و ڕاپەڕینە.

دووهەم، پێیوایە ئەگەر هێرشێکی بکرێتە سەر چ لە ئاستی نێوخۆیی و چ لە ئاستی ناوچەییەوە ڕێڕەوەکەی بە کوردستاندایە لەبەر ئەوە کوردستانی میلیتاریزە کردووە جیا لە شار و پادگانەکانی جێگر لە کوردستان سنوورەکانشی بە تەواوی تەنیوەتەوە.

ئێمە بۆ هەر کام لە گریمان و پێشهاتەکان کە چاوەڕوان دەکرێن بێنە ئاراوە کارسازاییان بۆ دەکەین و خۆی بۆ ئامادە دەکەین.

لەو پێوەندییەدا ئەرکی خەڵک روونە بە بڕوای من خەڵکی کوردستان پەیڕەوی ڕێبەرایەتی بزووتنەوەیە؛ بۆ نموونە لە خۆپیشاندان و مانگرتنەکان بەشداری دەکەن. لە کاتی ڕووخانی ڕێژیمدا هاوکاری هێزی پێشمەرگە دەکەن بۆ دابین کردنی ئەمن و ئاسایش. پاراستنی ئەموال و دارایی گشتی و بەڵگە و ئەسنادەکانی حکومی بە ئەرکی خۆیان دەزانن بۆ ئەوەی لە لایەک دیمەنێکی شارستانی بنوێنن و لە لایەکی دیکەوە شۆڕش کەڵکی بەسوود لەو دارایی و بەڵگانە ببینێ.

**▪ پێتان وایە کە لە ئەگەری هەر ئاڵوگوڕێکدا، ئێوە دەتوانن چ نەخشێک بگێڕن؟**

ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە هاوکاری لایەنە سیاسییەکانی دیکەی ڕۆژهەڵات بڕوامان بە تواناکانی خۆمانە، ئەزموونی ئەوەشمان هەیە. لە کات و هەلومەرجی ئەوتۆدا فاکتەرێکی بەهێز دەبین لە بزووتنەوەی سەرانسەری ئێراندا. لە هەمان کاتدا لە کوردستان خاوەن پێگەی بەهێزی خەڵکین کە دەتوانین لە ماوەیکی کورتدا کونترۆل و ئیدارەی کوردستان بکەین، هەروەها دەتوانین بە پشتیوانی خەڵکی کوردستان و هاوکاری و هاوئاهەنگی تێکڕای هێزە سیاسییەکانی کوردستان ڕۆڵێکی گرینگ لە ئاستی ئێران و کوردستاندا بگێڕین.

# "زمانی زگماکی؛ ئاڵای شەکاوەی شوناسی نەتەوەیی و بەیداخی بەرزی خۆیی و سەربەرزی"

**دکتور ئەحمەد ئەحمەدیان**
زمانناس و وێژەر و توێژەر

"زمان"، خانوولەی ژیان و مان و ڕایەڵەی بێ هەودای پێوەندیی بوون و گەردوونە. زمان، پێناسەی ناسکردن و ئامرازی هەڵاوارتەیی کەسێتی مروڤە لە بوونەوەرانی تر. زمان، ماکە و هیم و بنچینەی داڕێژەری پێکهاتەی هەست و نەست و خوست و هەڵوێست و بیر و هزر و ئاوەز و تێڕامان و تێفکرین و بیرکردن و بیرکردنەوەیە. زمان، کۆڵەکە و ژێرکۆڵەکەی ڕاگری کۆشکی شکۆداری بیریاریی و هزروانی وئاوەزمەندییە. "زمانی زگماکی"، ئەستوندەکی تاوڵی جوانیناسی و خۆش-وێژی و خۆش-خوانی و هۆزانوانی لە هەواری هەراوی هەرێمی نەتەوە و گەلە و دیرەگی ڕاگیرکەر و خۆڕاگری خێوەتی بوون و هەبوونی شوناسی خۆیی و خۆماڵی و نەتەوەییە لە هەمبەر گەردەلوول وباهۆزی بەهێز و سەرما وسۆڵەی تووش و سەخڵەتی کرێوە و شەختەی نەمان و فەوتانی میرات و کەلەپووری پیرۆز و دێرینی باو باپیرانمان .زمانی زگماکی داڵدە و داشدارمانە لەمەترسی و قەیرانی داڕمانی کۆشک و قەڵای بەرزەڕۆیوی پێناسە و ناسنامەی نەتەوەییمان .زمانی زگماکی پێشەوا و پێشەنگمانە بۆ بەرخۆدانی کەلتووری و شۆڕشی تەس دانەوەی قەیرانی خۆلێ ونبوون و ئالێ بوون وئالینەبوون . زمانی زگماکی هانا و هاریکار و بریکار و یارمەتیدەرمانە بۆ بەرگری لە چەمکی پیرۆز و دڵئەنگێو و بیر-خەملێن و دڵپشکوێن و خەمرەوێن و تارمایی-تارێن و هەناو-هەژێن و ناخ-حەسێنێکی وا کە گەلی کورد بە درێژایی لاپەڕەکانی مێژووی شوناسخوازانە و گۆڕانخوازانەی ، وەک ڕێباز و ڕێچکەیەکی پیرۆز، سەرجەم تایبەتمەندییە هەناوەکی و لاوەکییەکانی نەریت و نەرینی خۆی ، لەم چەمکە و لە بارستایی وپانتایی ئەم ڕێبازە پیرۆزەی وا هەڵگری ئەم چەمکە بەپێزەیە، بەدی کردووە و لە ئاوێنەی باڵانوێنی ئاو-وێنەیدا وێنای کردووە، واتە چەمک وڕێبازی بەپێز و پیرۆز وفرەدەلالەتی "کوردایەتی" . زمانی زگماکی هۆکاری شایی بەخۆیی و بەخۆخوڕینی تاق و تاقمی هۆزان وگەلان و هێما و هیم و هەوێنی شوناسی نەتەوەییە. زمانی زگماکی خەڵاتی تاقانە و بێ میناک و بێ هاونشین و بێ جێگرەوەی خوای تاک و پاک و بێ میناکە کە بەباڵای تەرزوبەرزی تاک و کۆی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بڕیوە تا وەک ئاڵای هەمیشە شەکاوەی شوناسی نەتەوەیی و بەیداخی بەرزی خۆیی و سەربەرزی ، لە هەرێمی دان پێهێنانی ئاشکرا وکردەیی بە کەسێتی و پێناسەی نەتەوەیی، هەردەم لە گەڕ و گەڕیان دابێ.
خوای کارساز و کاربەجێ، زمانی کردووەتە هێما و هیم و هەوێنی سەربەخۆیی شوناس و کەسێتی گەلان کە بە بێ مسۆگەربوونی سەربەخۆیی حوکمات و دەسەڵاتداری ڕامیاری و سەرزەوینی ـش وەک مافیکی ڕەوا و یاسایی ، ئەم چەشنە سەربەخۆییە خواکرد و سروشتییە ، نەتەنیا داڵدە و بەرگریکەرە لە سەربەخۆیی ڕامیاری و سەرزەوینی و جێی ئەم کەلەبەر و بۆشاییە تاڕێژەیەکی شیاو پڕ دەکاتەوە ، بەڵکوو ڕووپەڕی بەراوەژووەکەشی ڕێک و ڕاستە و: زۆریەک لە گەلانی خودان دیرۆک و ژیاری دێرین ،کە بەدرێژایی مێژووی ژیار و شارستانییەت لە سەرزەوین و بوون و هەن ،هاوڕێ لەگەڵ ئەوەی خاوەن حوکمات و دەسەڵاتداری ڕامیاری و کیانی سەربەخۆ بوون ، بەڵام بە هۆی لە کیس چوون و لەناوچوونی ماکە و هێما و هەوێنی هەرە سەرەکی و هەناوەکیی سەربەخۆیی سرووشتیی و خواکردی شوناس و پێناسەی نەتەوەییان، واتە زمانی زگماکی و لە ئاکامی ڕاگیرنەکردن و مشوورنەخواردن و پەیجۆری نەکردنی پێویست و پەیوەست بە شەکانەوەی ئەم ئاڵا پیرۆزە لە لووتکە ودوندی هەرەبەرزی ژیان و مان و ژیاری خۆیان دا ، "خوا سەرۆکی لێ کردنە بنۆک ، ژیانی لێ کردنە تنۆک" و سووک و چووک و مەهتووک و پووک و بابردەڵە و پووچەڵە و بوودەڵەی کردوون.
لە دەربیجە و دەلاقە و کڵاوڕۆژنەی زمانی زگماکی ڕایە کە تاک و کۆی کۆمەڵ ، دێنە ناو دەشتی کاکی بە کاکیی پێوەندی کۆمەڵایەتی لە گشتگیرترین و بەربڵاوترین مانا و واتا و دەلالەتی خۆی دا ، واتە گۆڕەپانی هەرە هەراو و فرەبوار و فرەڕەهەند و فرەتوێژ وفرەتوێکڵی: تیئۆلۆژی و ئێتیک و فەلسەفە و ئایستەتیک وماریفەت و شەریعەت و جوانیناسی و کۆمەڵناسی و دەروونناسی و جڤاکناسی و سروشتناسی و ئەوپەڕ-سروشتناسی و کەلتوور و زانست و تەنانەت:"زمانناسی"!
هەمیسان هەر لەم ڕۆچنە و کڵاوڕۆژنەی ڕایە کە تاک و کۆی کۆمەڵ ، دێنە ناو گۆڕەپانی باس ولێدوان و ئاخاوتن و وتووێژ و دیالۆگ و مۆنۆلۆگ لە بابەت بایەخ وبەها مۆڕاڵییە بەرزەڕۆیوە ترانسێندنتاڵەکان دا و، دێنەناو هەرێمی هەراوی هەدان و گومان و پرس و پرسیاری کەڵە کەڵە و ، کەڵکەڵە و داڵغەی بوون ناسانە و ئەنتۆلۆژیکی و گەردوون ناسانە و دونیابینییانە و ،لەئاکامیش دا هەر بەم کەرەستە زمانییەیە کە سەرجەم ناوئاخن و ناوەڕۆکی دەقە بەپێزە ژیریاری و بیریاری و هزروانی و پیتۆڵوانی و فەلسەفییەکان بەرهەم دێنن.
ئینجا مرۆڤ تێکڕای ئەم پرس و پرسیار و هەست و خوست و هەڵوێستانەی خۆی ، لە توێکڵ و بیچم و دەنگ و ڕەنگ و فۆڕم و ڕواڵەت و قاپێلکێکی زمان-وێنەدا، بە وێنەی پیت و دەنگ و وشە و زاراوە ی لێکدراو و داڕێژڕا و ڕستە و کۆ-ڕستە و کۆ-بەند و دەقی ڕازاوە و دروشاوە ،چ لە وارگە و ئاستی توانستی زمانی (Linguistic= Competence) و چ لە وارگە و ئاستی کردەی زمانی (linguistic = Performance) دا ،دەردەبڕێ و ئاراستەی دەکا و بەرهەمی دێنێ و ڕۆی دەنێ و دەیخولقێنێ و دەی ئافرێنێ و دەخەملێنێ.
جیا لە تێکڕای ئەم بوار و ئاقارانە ، هەمیسان گەرای گڕووی داهێنان و خولقان و ئافراندنی جوانیناسانەی وێژەیی و هونەری ـیش هەر بە ئاو و گڵ و بە ماکە و توخم و تۆوی زمان وە گەڕ و گەڕان و گەڕیان دەکەوێ؛.....ئای چ پیرۆزە ئەو گەرای گڕووی گۆڕین و ،چ بەپێزە ئەو گەڕیانی گڕە و ، چ بە هێزە ئەم گەڕ و گەڕانی گڕاگرە و ، چ بەلەزە ئەو پشکۆی بەشکۆی ئاگری ئاورگی "زمانی زگماکی"....!
هەر لەم بار و بوارەدا ،"ڤیتگنشتاین"، گەورە فەیلەسووفی سەدەی بیستەم وهزروان و بیرمەندی ناوداری بواری فەلسەفەی زمان و داهێنەری بیردۆزی گەمەی زمانی ، وتەیەکی پڕواتا و فرەدەلالەت و فرە توێ وفرە توێکڵ و بێ میناک و درەوشاوە و هەرماوی هەیە و ، ئاوا ئێژێ:
"سنوور و پەرژین و پەرێزی زمانی من، ڕێک ڕێک و بێ ئەملاولا، سنوور و پەرژین و پەرێزی جیهان و ژیان و دونیابینی منە"...
هەر بەرز و شەکاوە بێت ئاڵا و بەیداخی زمانی زگماکی ؛ هەوێن و هێمای شوناسی تاقمی و تاکی.




# پەیامی لێوانلێو لە هەستی کیژێکی بەشداربوو لە دەورەی سەرەتایی پێشمەرگە

ئێمە خوازیارانی دەورەی سەرتایی ٢٣٢ی پێشمەرگەین ، ئێمە لە بارودوخێکدا بە کردەوە پێمان نایە سەنگەرەکانی خەبات و چنگمان لە یەخەی دوژمن گیراند کە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست بەرەو قۆناخێکی نوێ لە گۆڕان دەچوو و زوڵم و داگیرکاری بە تەنگانە گەیشتبوو ، نەتەوە ژێردەستەکان بەوریایی و چاکراوەیی پێویست گەیشتبوون و هاتبوونە مەیدانی خەبات بۆگەیشتن بەمافەکانیان .....
ئێمە پولێک لە کچان وکوڕانی شەیدای ئازادی و سەربەستی مرۆڤ ، سەختی و ماندوویەتی بە پێشمەرگەبوونمان بە گیان و دڵ هەڵبژاردووە بەرەو ئاسۆیەکی گەش و درەوشاوە ؛ هێرشی مووشەکی ، گەرمای تاقەت پڕوکێن ، کۆچاوکۆچ و ئاودان کردنەوەی جێگە و مەقەڕەکانمان بە هەزاران گەشت وکەیف وخۆشی کاتی ناگۆڕڕینەوە...
ئێمە لە دەورەی گڕ و مووشەک ، هەڕەشەی سڕینەوەدا پەیمانمان بە نیشتمان و شەهیدان دا قەت شل نابین و هەروا بە بیروبڕوایەکی پتەوتر لە جاران هەموو سەختی و بەشمەینەتییەکانمان دەکەینە گوولەی تۆڵە و لە لوولەی تفەنگی دەکەین و بەرەو ناوچاوی چڵکنی دوژمن نیشانە دەگرین و خوێنی گەشی مامۆستا موختار و مامۆستا فارۆق و هەموو شەهیدانی ڕێگای کوردستان دەکەینە جەوهەری پێنوسەکانمان و لەسەر تێنووسی قوتابیانی داوڕۆژی قوتابخانەکەی دێموکراتدا وانەی ئینسانی و شۆڕشگێڕانەکانیان دەڵێینەوە و دەنووسینەوە...
ئێمە لە دەورەی خۆشەویستی نێوان قوتابی و مامۆستا ، لە ژوانی پڕ لە وەفای کوردانەدا نەعرەتەی بەرزی "فێرگە زۆر باشە"دا ، لە هاواری دوژمنتەزێنی "دەستە بۆپێشەوە" ، لە فەرمانی "سەرت بەرز و سینە سپەر"دا ، لە ڕاگرتنی خولەکێک بێدەنگی بۆ گیانی پاکی شەهیداندا ، لە پاراستنی ڕێزی دیتران و قەبووڵکردنی ڕای بەرانبەردا ، لە وانەی دێموکراسی و مافی تاکەکاندا ، جوانترین بەرگ بە باڵای داوڕۆژی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دەبڕین و کۆمەڵگایەکی تەژی لە ئارامی و سەقامگیری بەدەستهێنانی مافی گشت چین وتوێژێک کە ئاوات و خولیای شەهیدە سەربەرزەکانمان بوو بەدی دێنین ....
لە نێو هاوپۆلەکانمدا منی شەیدای نیشتمانم ، گرینکتر لە وانە دەرسییەکان بیری بەرزی خۆشەویستی نیشتمانم لە مێشکمدا هەردەم زیاتر چرۆی دەکرد ، بۆیە ئەو بیرە زاڵ بوو بە سەر خوێندم لە قوتابخانە .....
وەرگرتنی وانەی ئازادی و سەربەستی قوتابخانە پایەبەرزەکەی حیزبی دێموکرات بوو ، هەر بۆیە رووم لە قوتابخانە ئەسڵیەکەی ژیان کرد و دەرگای فێرگەی سیاسی نیزامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانم بەروودا کرایەوە و زۆر زوو خۆم لە ژێر سایەی بەرنامەیەکی جوان و پڕ لە ڕێز و یەکسانیدا بینییەوە ؟
بۆیە بەڵێنم دا تاب ە ئامانج گەیشتنی سەرکەوتنی خەبات لەکوردستانێکی رزگارکراو و ئاوەداندا بە دیداریان شاد دەبمەوە ماڵاواییم لە هاوپۆل و بنەماڵە و خزمانم کرد.
بەڵێ ؛ من ئەوکچە ١٨ساڵەیەم کە بە چاوەکانم هێرشی مووشەکی بالیستکی هوشمند و شەهیدبونی دوو پەپوولەی ئاشتی و دوو مامۆستای دڵسوز و خوێنگەرمم بە چاوە ساواکانی خۆم بینی کە بوونە هەوێنی کۆڵنەدان و هەرچی پیرۆزتر راگرتنی بیری نەتەوەیی و نیشتماندۆستیم ، ژیانی پڕ لە سەختی و هیلاکی پێشمەرگایەتی فەرز دەکەم بەسەرکۆشک و تەلان وگەشت و سەیرانی دنیایی.... هەدا نادەم و نابەزم ، هەتا ڕێگەی پڕ لە سەروەری و ئاشتی شەهیدانم دەگەیەنمە دوالووتکەی نەجاتی نەتەوە ژێردەستەکەم

من پێشمەرگەم ...
کۆت و زەنجیر نامترسێنێ... دەربەدەری نامرەنجێنێ
گوولله و ئێعدام نامبەزێنێ... سەرما و سەهۆڵ نامتەزێنێ
گەردەلوولیش ناملەرزێنێ... من ڕۆڵەی ٢٦ی سەرماوەزم ، چاونەترس و ترسبەزێنم مەرگ لێم دەترسێ ، ترس لێم رادەکا ، هەرەس بەزۆری زۆردار دێنم تاکوو بە ئامانجی گەڵ نەگەم هەر پێشمەرگەم......
واز ناهێنم ...
واز ناهێنم ...
وازناهێنم...

بەشداربووی دەورە:
**شەهلا کاوە**

KURDISTAN

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com
http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr
telegram.me/PDKImedia

Published by Democratic Party of Iranian Kurdistan · No:736 22 Oct. 2018

# ڕۆژنامەی کوردستان بە مەبەستی هەرچی زیاتر ئاشکرا کردنی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە ناوچەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، هەر دوو حەوتوو جارێک ڕاپۆرتێک لە سەر بارودۆخی مافی مرۆڤ لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بڵاو دەیخاتە بەر دیدی خوێنەرانی ڕۆژنامەی کوردستان.

**ئەم ڕاپۆرت و ئامارانە باس لە حاڵەتەکانی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ماوەی دوو حەوتووی کۆتایی مانگی ڕەزبەری ساڵی ٩٧ هەتاوی لە شار و ناوچە کوردنشینەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات دەکات کە بریتین لە حاڵەتەکانی دەسبەسەر کردن، بانگهێشت، ئێعدام، کوژران و بریندار بوونی کۆڵبەران، کرێکاران، خۆکوشتن، زیندانیان و مەحکووم کردنی هاووڵاتییان لە کوردستانی ئێران.**

## هێمایەک لە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ
## لە دوو حەوتووی ڕابردوودا








### دەستبەسەر، بانگهێشت و زیندانیی کردن و حوکمی زیندان و ناڕوونی چارەنووسی زیندانیان:

هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی "کەیوان عەلیانی" خەڵکی شاری مەهاباد لە لایەن دادگای ئینقلابی ئەو شارەوە حوکمی ١٠ ساڵ و سێ مانگ زیندانی بەسەردا سەپا؛ ئەم هاووڵاتییە کوردە کە لە زیندانی مەهابادادایە بە تۆمەتی "هاوکاری لەگەڵ یەکێک لە حیزبە کوردییەکانی دژبەری حکوومەتی ئێران" بە ١٠ ساڵ و سێ مانگ زیندانی مەحکووم کراوە.

دادگاییکردنی لاوێکی کورد، بە ناوی "ئیقباڵ ئەحمەدپوور" کوڕی محەممەد، خەڵکی گوندی "ئەنبێ" لە ناوچەی تەرگەوەڕ ڕۆژی پێنجشەممە ١٢ی ڕەزبەر، لە لقی سێی دادگای ئینقلابی شاری ورمێ بەڕێوەچوو، ئەو هاووڵاتییە کوردە بە ٥ ساڵ زیندانی تەعزیری مەحکووم کرا.

شەوی یەکشەممە ١٥ی ڕەزبەر، کاتژمێر ١١، هێزە ئیتلاعاتییەکانی سەر بە ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری سەقز، هێرشیان کردە سەر ماڵی مامۆستایەکی کورد بە ناوی "محەممەدساڵح شەکەری" و ناوبراویان دەسبەسەر کردووە.

ڕۆژی دووشەممە ١٦ ڕەزبەر، دیوانی باڵای وڵات حوکمی ئێعدامی هیدایەت عەبدوڵڵاپوور زیندانی سیاسیی کورد، خەڵکی شاری شنۆی، پشتڕاست کردەوە.

لاوێکی کورد، بە ناوی "ناسر ڕەحیمی"، کوڕی عەبدوڵڵا خەڵکی شاری سەقز، لە لایەن دادگای ئینقلابی ئەو شارە بە ٦ مانگ زیندانی تەعزیری مەحکووم کرا؛ ئەو لاوە کوردە بە تۆمەتی "پڕوپاگەندە دژی نیزام لە بەرژەوەندیی گرووپە دژبەرەکانی نیزام (حیزبی دێموکرات)، لە لایەن دادگای ئینقلابەوە تاوانبار کراوە.

هاووڵاتییەکی زیندانیی لە زیندانی ناوەندیی ورمێ، بە ناوی "کەسرا کەرەمی" کوڕی یەدوڵڵا، لە لایەن لقی یەکی دادگای کەیفەریی تایبەت بە لاوان بە تۆمەتی "١٩ جار دزیکردن" تاوانبار ناساند و حوکمی پەڕاندنی دەستی ناوبراوی دەرکردووە.

ڕۆژی دووشەممە ١٦ ڕەزبەر، چالاکێکی کرێکاریی کورد، بە ناوی "زانیار دەباغیان" خەڵکی شاری سنە، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کرا و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزرا.

چالاکێکی کورد بە ناوی "سۆران مەحموودی"، بانگهێشتی دادگای ئینقلابی شاری مەهاباد کراوە.

ڕۆژی یەکشەممە ٢١ی ڕەزبەر، حوکمی یەک ساڵ زیندانی بۆ چالاکێکی مەدەنیی کورد خەڵکی شاری سنە بە ناوی "محەممەد سدیق ڕۆستەمی" کوڕی سەعید لە لایەن لقی یەکی دادگای ئینقلابی شاری سنە، بە سەر ئەو چالاکە مەدەنییە کوردەدا سەپا.

ڕۆژی شەممە ٢١ی ڕەزبەر، لقی چواری لێپرسینەوەی دادسەرای گشتی و ئینقلابی شاری سنە، حوسێن ئەحمەدی‌نیاز، پارێزەری پلەی یەکی کوردی بانگهێشتی ئەو ناوەندە حکوومەتییە کرد.

وتەبێژی دەزگای قەزایی لە شاری کرماشان، ناوی ١٠ بازرگانی کوردی بە تۆمەتی "تێکدەران"ی ئابووری بڵاو کردەوە و ڕایگەیاند: ئەو ١٠ کەسە بە ٨٠ ساڵ زیندان و دەسبەسەرداگرتنی کەلوپەلەکانیان مەحکووم کراون.

ڕۆژی یەکشەممە ٢٢ی ڕەزبەر، لاوێکی کورد بە ناوی "عەلی سۆهرابی"، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کراوە.

ئێوارەی ڕۆژی دووشەممە ٢٣ی ڕەزبەر، پاش دەمەقاڵێ لە نێوان یەکێک لە زیندانییانی سیاسی لەگەڵ مەئموورانی زیندان و لێدانی ئەو زیندانییە سیاسییە لە لایەن مەئموورانی زیندانەوە، زیندانییانی سیاسیی ناڕەزایەتییان دەربڕی و ئەمەش هێرشی گاردی زیندان بۆ سەر زیندانییان سیاسی لێکەوتەوە.

ڕۆژی پێنجشەممە ١٩ی ڕەزبەر، ڕۆژنامەنووسێکی کورد بە ناوی "محەممەدڕستگار کەریمی" لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کرا.

سەیدعەلی حوسێنی و سلێمان عەبدی دوو مامۆستای ناسراو و چالاکی مەدەنیی شاری سەقز، بە هۆی بەڕێوەچوونی سەرکەوتووانەی مانگرتنی مامۆستایانی قوتابخانە، لە لایەن دامەزراوە ئەمنییەتییەکانەوە بانگهێشت و لێپرسینەوەیان لێ کراوە.

ڕۆژی چوارشەممە ٢٥ی ڕەزبەر، مریەم سادقی، ئەندامی کۆمیتەی هاوئاهەنگیی بۆ پێکهێنانی ڕێکخراوە کرێکارییەکان، بانگهێشتی دادسەرای گشتی و دادگای ئینقلابی شاری سنە کراوە.

ڕێکەوتی ١٨ی ڕەزبەر، چالاکێکی خوێندکاری کورد بە ناوی "مەسعوود زیایی" خەڵکی شاری سنە، لە لایەن هێزە لیباس شەخسییەکانی حکوومەتی ئێران، لەو شارە دەسبەسەر کرا.

ڕۆژی چوارشەممە ٢٥ی ڕەزبەر، پارێزەرانی ژاکان باران شاعێری کوردی خەڵکی شاری مەلەکشایی لە دادگای ئەو شارە ئامادە بوون و دوایین داکۆکییەکانیان پێشکەشی دادگا کرد.

ڕۆژی پێنجشەممە ٢٦ی ڕەزبەر، سێ هاووڵاتیی کورد بە ناوەکانی "بڕیار کاوە" تەمەن ٢٥ ساڵ کوڕی ئەمین، "موحسێن فەرەهمەند" کوڕی خوسرەو و "حەمید پەروازە" تەمەن ٢٨ ساڵ کوڕی محەممەد، خەڵکی گوندی "نێ"ی شاری مەریوان، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کران. هاوکات لەگەڵ دەسبەسەر کرانی ئەم سێ هاووڵاتییە کوردە، دوو هاووڵاتیی دیکەی کورد بە ناوەکانی "کاروان ئەحمەدی" کوڕی جەلال و "ڕەحمان سدیقی" کوڕی عیسا، لە شاری مەریوان لەلایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزراون.

٥ زیندانی سوننی مەزهەب لە گرتووخانەی ورمێ بە ناوەکانی "ئیبراهیم مورادی" بە سێ ساڵ زیندان، "محەممەد نیکزاد" بە ٩ مانگ، "ئەحمەد قەنبەردوست" بە ٣ ساڵ، "محەممەد قەنبەردوست" بە ٤ ساڵ، "قادر سەلیمی" بە ٥ ساڵ زیندان مەحکووم کراون.

ڕۆژی هەینی ٢٧ی ڕەزبەر، هێزە ئیتلاعاتییەکان، لاوێکی کوردیان بە ناوی "محەممەد پەروازە" تەمەن ٢١ کوڕی مەلاحوسێن خەڵکی گوندی "نێ"ی شاری مەریوان، دەسبەسەر کرد.

دادگای ئینقلابی شاری سنە، لەگەڵ ئازادکردنی سەحەر کازمی، ژنە چالاکی مەدەنیی بە دانانی بارمتە دژایەتی کرد و ناوبراو هەروەها لە گرتووخانەدا چارەنووسی ناڕوونە.

### کوژران و بریندار بوونی کۆڵبەرانی کورد:

ڕۆژی هەینی، ٢٠ی ڕەزبەر، هێزەکانی سپای پاسداران لە سەرەتای جادەی خاکیی "بیدمیری" سەر بە شاری پاوە کە دەگاتە کوێستانەکانی شاهۆ، هاووڵاتیەکی کورد بە ناوی فەرشاد چەچانی، کوڕی ئیسماعیل، دانیشتووی شاری پاوەیان کردە ئامانجی دەسڕێژی خۆیان کە لە ئاکامدا ئەو هاووڵاتیە کوردە گیانی لە دەست دا.

ڕۆژی هەینی، ٢٠ی ڕەزبەر، هێزە نیزامییەکانی جاددەی مەهاباد - بۆکان، تەقەیان لە ئۆتۆمبێلی تاکەکەسیی هاووڵاتیەکی کورد کرد و لە ئاکامدا دوو کەس لە موسافیرانی ئەم ئۆتۆمبێلە بە ناوەکانی "عەلی نەسیری" و "مەسعوود ئەکبەرپوور" بە توندی بریندار بوون.

چەند ڕۆژ پێش، ژمارەیەک لە کۆڵبەرانی کورد لە کوێستانی "بریاجی" سەر بە بەخشی ناوەندی شاری سەردەشت دەکەونە بۆسەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی و لە ئاکامی تەقەی هێزە نیزامییەکان لەو کۆڵبەرانە، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی "ڕەسووڵ سەراجی" بە سەختی بریندار دەبێت.

سەر لە بەیانی ڕۆژی دووشەممە ٢٣ی ڕەزبەر، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی "کاوە دەشمیر" خەڵکی گوندی "گەزگەسک"ی شاری پیرانشار بە تەقەی هێزە نیزامییەکان بریندار کرا.

ڕۆژی سێشەممە ٢٤ی ڕەزبەر، دوو هاووڵاتیی کورد، بە ناوەکانی "جەبار برشان و موسلێح قوریش"، کوڕی سەیدموراد، خەڵکی گوندی "نمنجە"ی سەر بە شاری پیرانشار، بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی سپای پاسداران بە سەختی بریندار بوون.

ڕۆژی سێشەممە ٢٤ی ڕەزبەر، کاسبکارێکی کوردی خەڵکی شاری بانە، بە ناوی "عوسمان سەعیدی"، خەڵکی گوندی "بنژاژ" بە تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی بریندار بوو.

ڕۆژی شەممە ٢٨ی ڕەزبەر، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی "زەکەریا بەکری" کوڕی عەلی خەڵکی گوندی "هەلەج" سەر بە ناوچەی مەرگەوەڕی شاری ورمێ بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی گیانی لە دەست دا.

چەند ڕۆژ پێش، هێزەکانی سپای پاسداران، لە شاخی "خێرووزە"ی گوندی "میراوێ" سەر بە شاری شنۆ، دەستیان بە لێدان و ئازار و ئەشکەنجەی شوانێکی تەمەن ١٦ ساڵ دەکەن.

### خۆکوژی ژنان و پیاوان:

ڕۆژی یەکشەممە ٢٢ی ڕەزبەر، لاوێکی مەریوانی خەڵکی گوندی "قەڵاجێ"ی ئەو شارە بە ناوی "بەختیار بەهمەنی" تەمەن ٣٢ ساڵ، دەستی دایە خۆکوژی.

لاوێکی خەڵکی شاری سەقز بە ناوی "فەرشاد ئەمینی" تەمەن ٢٠ ساڵ، بە هۆی کێشەی بنەماڵەییەوە کۆتایی بە ژیانی خۆی هێناوە.

بریندار بوون و گیان لە دەستدانی کرێکاران بە هۆی ڕووداوی کار لە کوردستان، ڕۆژی پێنجشەممە ١٨ی ڕەزبەر، کرێکارێکی کورد، بە ناوی "ئومید سەیدشوکری"، تەمەن ٢٥ ساڵ، خەڵکی شاری بۆکان، بە هۆی بەربوونەوە لەسەر دارە سێوێک گیانی لە دەست داوە.

### مین:

ماڵپەڕی "مین و زندگی" ئاماری قوربانیانی تەقینەوەی مینی لە شەش مانگی ڕابردوودا، بۆ ئاژانسی کوردپا ناردووە؛ بەپێی ئەو ئامارە، ٢٨ کەس لە پارێزگاکانی ورمێ، سنە، کرماشان و ئیلام کوژران و بریندار بوون. بە گشتیی لەو ئامارە، شەش کەس کوژراو و ٢٢ کەس بریندار بوون و دوو کەس لە قوربانیانی مین تەمەنیان لە ژێر ١٨ ساڵ بووە.

### ئێعدام:

کۆڕی ڕاوێژکاریی چالاکانی مەدەنیی یارسان بە بڵاوکردنەوەی بەیاننامەیەک لەو پەیوەندییەدا، ڕایگەیاند: "ئەوەی بۆ کۆڕی ڕاوێژکاری ئاشکرا کراوە، سەید ڕامین نزیکەی چوار مانگ پێش لە شاری هەمەدان دەسبەسەر کراوە و لەوە ماوەیەدا لە گرتووخانە و زیندانی ناوەندیی ئەوە شارە ڕاگیراوە و هەروەها بنەماڵەی ناوبراو لەو ماوەیەدا، چاوەڕوانی ئازادکرانی کوڕەکەیان بوون و لەوپەڕی بێباوەڕییەوە پاش دوایین چاوپێکەوتن لەگەڵ کوڕەکەیان هەواڵی ئێعدامی ناوبراویان پێ ڕادەگەینن.

ڕۆژی دووشەممە ٢٣ی ڕەزبەر، دوو هاووڵاتیی کوردی خەڵکی شاری مێهران، بە هۆی تەقینەوەی کەرەستە تەقەمەنییەکان بریندار بوون و بۆ ناوەندەی دەرمانیی شاری ئیلام ڕاگوێزراون.

ڕۆژی سێشەممە ٢٤ی ڕەزبەر، حوکمی لەسێدارەدانی زیندانییەکی کورد، بە ناوی "مەولوود شاحوسێنی" تەمەن ٢٩ ساڵ، لە زیندانی نەجەفاوای شاری ئیسفەهان جێبەجێ کرا. لەو پەیوەندییەدا، هاووڵاتییەکی دیکە کورد بە ناوی "کوورش (عەلی) بێهزادیان، لە ڕۆژی چوارشەممە ٢٥ی ڕەزبەر، لە زیندانی ئیلام کرد.

**ئەم ئامارە بە پشتبەستن لە ناوەندی ئاماری ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا تۆمار کراوە.**